# مردنێک لەودیو پەنجەرەکەوە

کۆمەڵە چیرۆک

هێمن محمود

چاپی یەکەم ٢٠٠٤

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ناوی کتێب: مردنێک لەودیو پەنجەرەکەوە

ناوی نووسەر: هێمن محمود

پێشەکی: ئاوات عبدالله

بابەت: کۆمەڵە چیرۆک

تابلۆو نووسینی سەر بەرگ: هونەرمەند ئەکرەم محمد

تەسمیمو بەرگ: چاپخانەی هەمیشە

چاپ: چاپخانەی هەمیشە

ژمارەی سپاردنی ٤٧٤ ساڵی ٢٠٠٤ ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە

* ئەرکی ئامادەکردنی ئەم کتێبە بۆ سەر نێت لەلایەن (صباح حوسەین)ەوە بووە، زۆر سوپاسی دەکەم.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

-------------------------------------------------------------------------------------------------------------------

ئەوەی ئێمە نەوەی بەد بەختیەکانین

ئیلیاو گەمەکانی منالّیم

دراوسێکانم ژیان بەشیان ناکات

شەوی ناو چیمەنەکە

شەوەکانی دلّی من

مەرگێک بەدەم کلوە بەفرەکانەوە

مردنێک لەودیو پەنجەرەکەوە

هەناسە قوولّەکانی مارگرێتا

عەسری تەرمە زۆرەکان

مردنێک سارد سارد وەک زستان

شەڕی نێو خەونەکان

ئەو شەوەی شا نەفرەتی لە شایەتی خۆی کرد

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نەوەی ئێمە نەوەی بەدبەختەیەکان.

هیچ کەسێک بەبێ خوێندنەوەی بەدبەختیەکانی ئەم نەوەیەی ئێمە مەحاڵە بتوانێت لە نێو مەینەتیو نەهامەتییەکانی ئەم کۆمەڵەدا تێگەیشتنی درووست بە دەست بهێنێ لەم ساڵانەی دوایدا بەدبەختیی نەوەکانی ئێمە شێوەیەکی سەیرو نوێ تری بە خۆیەوە گرت. مەرگو غەریبیو تەنهایی هەموو ئەو شتانەن کە سەرجەم چیرۆکەکانی (هێمن)یان تەنیوە، من پێم وایە ئەم چیرۆکانەی هێمن ئەندازیاری مێژووی ئەم نەوەیەی ئێمەن، هێمن دەیەوێت لە پرۆسەی چیرۆک نوسیندا ئەندازیارێکی سەر ڕاست بێت، بۆ هەڵکۆڵینی ژیانی پڕ لە حوزنو تەنیایی هەموو ئەو کوڕو کیژە نامورادانەی کە لەم وڵاتەدا حزبو سیاسەتو کۆمەڵگا ئارامیان لێسەندۆتەوەو ئیدی کەس نەبوو بۆ جارێک ئارامی بە ژیانیان ببەخشێتەوە، هەموو ئەوانەی لە جەنگو لە بۆسە بێماناکاندا بەبێ ئەوەی کەسێک تەنیا یاداشتو وەسێتێکیان لێ بستێنێ ئیتر بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لێکردینو کەسیشمان نەمانزانی چۆن هاتنو چۆنیش چوون؟

هەموو ئەو هاوڕێیانەمان کە لەسەر سنورو لەنێو حەقلی لوغمو ئینجا لە شەڕی خۆکوژیدا بۆ دواجار نەگەڕانەوە لامان داخۆ بۆ ئاخر جار دەیان ویست چیمان پێ بڵێن؟ هەمیشە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پرسیارە یەک لە دوای یەکەکان دەبنە خولیای چیرۆک نووسین، ئەم هەموو مردنو غەریبیو تەنیایییە لە پێناوی چی بۆ کێ ؟

مرۆڤ چۆن لەگەڵ ئەم هەموو مەینەتیانەدا هەڵدەکا، لەنێو هەموو ئەم گومانو خولیاو پرسیارانەدا هێمن دەیەوێت چیرۆک بنوسێ، دوای خوێندنەوەی هەموو چیرۆکێک ڕەنگە شتێکمان بە خەیاڵدا بێت ئەویش ئەوەیە کە هەستی قسەکردن باشترین فێرگەی مرۆڤە هێمن دەیەوێت هەموو پەستیو قینو دڵتەنگیەکانی ژیان بهێنێتە قسە، هەرچۆنێک بێت بێدەنگ نەبێت، کێ دەتوانێ هەقی هەموو ئەو مرۆڤانەمان بۆ بکاتەوە کە بوونە قوربانیی نەهامەتییەکانی کۆمەڵگا، ئێمە جگە لە وشەو یاداشتە تۆمارکراوەکان بە کام زمانو هەناسە بتوانین لە ئازارەکانمان بدوێین، جگە لە چیرۆکەکانمان لە دوای مردن هیچ شتێک گوزارشت لەم هەموو دەردو بیرو فەنتازیایەی ئێمە ناکات، هەموو ئەو مرۆڤانەی کە مێژووی ژیانیان مێژوویەکی خامۆشو بێ یاداشتو بێ دەنگە ئەوان لەدوای مردنیشیان دەبنە هاوڕازی ئەو ڕۆحانەی کە پڕن لە غەمو بێزاریی ئەم چیرۆکانە ئاوێنەی نیشاندانی هەموو ئێمەن، ئێمە زۆر سادە تر لە هەموو نیشاندانەکانی دیکە، ئێمە ئەو وەختەی دەبینە خۆمان، ئەو ساتەی کە دوور لە غرورو نزیک لە ویژدان، دەمانەوێت ئازارەکانی نێو ڕۆحو فرمێسکەکانی سەر چاومان ببینین، ئەم چیرۆکانە بە تەنگ ئێمەوە دێن، دێن بۆ ئەوەی خەمناک ترینو جوان ترین ڕێو شوێنەکانی تەنیاییو غەریبیمان یاد بخەنەوە، پێمان دەڵێن ئێمە چەوساوە ترین بوونەوەری ژیانین، ئێمە هەموومان منداڵە سەرلێشێواوو بزربووەکانی ئەم دونیایەن، تەنیاو تەنیا بە کەساسیو وێڵو ئاوارە بێ ڕێنیشاندەرو سەرگەردان، ئێمە هەر تەنیا خۆمان لەگەڵ خۆمانین، هەر تەنیا خۆمان تەنیایی بوووەتە هاو دەممان بوووەتە یاساو ڕێڕەوی ژیانمان، ئیتر بە تەنیا ژیان، بە تەنیا نوسینو قسەکردنو بە تەنیا مردن، مەرگو تەنیایی بۆ ئێمە بوونەتە مانایەک گەلێک قوڵ تر لە مانای مەرگو تەنیایی.

ئاوات عەبدوڵا

٢٠٠٤/٧/٢٩ سلێمانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئيلياو گەمەكانى منالێم.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

به دیار وێنەکانی ئیلیاوە دادەنیشم.. کلوە بەفرەکانیش لە دەرەوە بێ پەروا دادەبارێن.. دادەبارێن‌و زیاترو زیاتریش دنیا سپی دەکەنەوە.. وێنەیەکی گەورە تری ئیلیاش لە ژوور سەرمەوە.. لەسەری سەری خەیاڵەکانمەوە هەڵواسراوە.. هەڵدەستم.. پەردەی پەنجەرەکە لادەدەم‌و سەیرێکی ئەو دنیا سپییەی دەرەوە دەکەم کە ئیلیای لە هیچ لایەکەوە لێ دیار نییە.. دەنگی مۆسیقاکەش زیاتر ئەو پانتاییە سپییە درێژ تر دەکاتەوە.. حەزم لە دەرەوەیە.. لە حەوشەکە.. لەناو باخچەکە کە بەفرەکە بێ ڕەحمانە گیاکانی پلیشاندۆتەوە.. دەرۆمە دەرەوە.. دەری دەری خەیاڵەکانم.. یان ناوەوەی خەیاڵەکانم.. ئەو شوێنە قوڵ‌و دوورەی کە بەفرێکی ئێجگار زۆری بێ ڕەحمی‌و بێ میهری‌و بێ مروەتیی ( ئیلیا ) ی لێ باریوە .. بە خەتێکی گەورە لەسەر بەفرە سپییەکە دەنووسم ئیلیا.. پارچەکانی دڵم دەهێنم بەژێریداو بە تەنیشتیەوە لەسەر پشت پاڵ دەکەوم.. پاڵ دەکەوم‌و کلوە بەفرەکانیش بە خێرایی خۆیان دەکێشن بە ڕوخسارمدا .. دادەبارێن‌و بە هێرشێکی گەوەرە ڕوخسارم سپی دەکەنەوە بەڵام هێشتا دڵم هەر سوور دەچێتەوە لە برینی دووریەکانی ئیلیا .. بەئاگا دێمەوە... شەوو بەفرو دووریی ئیلیا هەروەکو خۆیەتی .. شەکەت‌و ماندوو دەرۆمە ژوورەکەم .. ئیلیا لە وێنەکەدا هەروەک جاران دانیشتووە .. لە ژوور سەرمەوە.. لە سەری خەیاڵەکانمەوە .. پێ دەکەنێ‌و بە نازەوە لە کامیرای ڕووانیوە .. لە وێنەیەکی تری بەردەستیشمدا ئیلیا شەڕە بەفر دەکات ... بەفرێک خۆش بەخت تر لەم بەفرە .. تۆپەڵێکی ئامادە کردوە بیگرێتە کەسێ بەڵام هیچ کەسێ دەرنەکەوتووە .. کامیراکە لەلای ڕاستەوە لێی ڕوانیوەو وێنەگرەکە بە دەنگی بەرز بانگی کردوەو وتوویەتی ئیلیا .. چرک وێنەکەی گرتووە.. ئیلیا کڵاوێکی ڕەشی لەسەردایەو ملپێچێکی سوری ئاڵاندوەتە ملیەوە .. پاڵتۆیەکی ڕەشیش کە ناهێڵێت هیچ هەوایەک بە دزیەوە جەستەی ئیلیا ببینێت .. ئەو پاڵتۆیەم لە هەموو شتەکانی تری ناو وێنەکە خۆشتر دەوێت .. چرک‌و وێنەیەکی تری ئیلیا کە لە کافتریاکە پێکەوە گرتوومانە .. من خەیاڵێکی دوور بردومیەتیەوەو ئیلیاش کە هەردوو دەستی بەسەر مێزەکەی بەردەمیەوەیەتی زۆر بە قووڵی چاوی ئاڕاستەی کامیراکە کردووە .. ئیلیا بیر لە چی دەکاتەوە .. بەفر دەبارێت دنیا سپی ترو فراوان ترو بێڕەحم تر دەچێتەوە .. تەواو خەیاڵەکانی دووریی ئیلیا بێتاقەتی کردووم .. وێنەکان پەرش‌و بڵاو دەکەمەوەو ئیلیا ژوورەکە دادەپۆشێ .. ژوورەکە پڕ دەبێت لە ئیلیاو لەسەر کاغەزێک دەنووسم :

بۆ (ئیلیا ) .. لە هەر کوێیەک هەیت..

بەفر دەبارێت‌و من بیرت دەکەم .. ئایا تۆش وەهایت ..؟ بیرکردنێک کە هیچ کۆتاییەکی لێوە دیار نەبێت .. یان نەگا بە هیچ خاڵیک .. ئەم شەو حەزم لێبوو بە جەستە لێرە بوویتایە .. ( بۆ ئاگاداریشت وێنەکانت ژوورەکەی داگیر کردووە ) .. حەزم لێ بوو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەستت بگرمو تێر تێر لەناو ئەو بەفرەدا شەرە بەفر بکەین .. پێبکەنینو تۆ بدەم بە زەویداو پڕ دەمت بکەم لە بەفر.. تۆش خۆت ئاسا لەژێر دەستم ڕابکەیتو تۆپەڵ تۆپەڵی گەورە بکێشی بە دەمو چاومدا .. تەنانەت بە دڵیشمدا .. وەک دوو منداڵ شێرە بەفرینە درووست بکەینو لە تەنیشتیدا بووەستین .. من پێت بڵێم ئیلیا کەم سەیری ئەو کلوە گەورانە بکە کە لە ئاسمانەوە دەبارێنو تۆش هەردوو دەستت بکەیتەوەو پێم بڵێیت بزانە کاممان پڕ دەستمان دەبێت لە بەفر .. ئیلیاکەم من نەک هەردوو دەستم پڕیەتی لە بەفر.. بەڵکو پڕیەتی لە کلوە بەفری گەورە گەورە کە لەوەتەی بەفرەکەی دەرەوە دەبارێت بەفرەکەی دووری تۆش دەستی کردووە بە بارین .. بەفر دەبارێتو من بیری تۆ دەکەم .. بیر کردنێکی منالآنە .. بەلآم سافو بە بەها .. بیر کردنێکی بەریئانە .. بیر کردنێک کە نەک بە تەنها بەفرەکەی حەوشەی ئێمە .. بەڵکو بەفری هەموو دنیاش ناتوانێت دڵی گەرم داهاتووی من بەدەم گۆرانییەکەوە سارد کاتەوە ..

ئەریّ بەڕاست ئیلیا تۆ لە کوێیت ...

— ٢ —

کەسێک لەمسەری خەیاڵەکانمەوە بانگ دەکات ئیلیا .. هیچ کەسێکیش دیار نییە .. بەلآم من خۆم دەبینم .. بە هەناسە بڕکێوە بۆ یەکێک دەگەڕێم.... دەرگای ژوورەکە دەکەمەوە .... هەروەها پەنجەرەکانیش ... تەنانەت دەرگای حەوشەکەش... بۆ هاتنی کەسێک خۆم ئامادە کردووە کە لەگەڵ هاتنیدا بۆنی هەناری لێ دێت .. بەلآم هیچ کەسێک دیار نییە.. بە کۆلآنەکەدا بۆی دەگەڕێم .. ئیرادەم نیە .. لە دەرگاکانی هەموو ماڵەکانی گەڕەک دەدەم ... ئارەق لە نێوچاوانم دەچۆڕێو هیچ وەلآمێکی هاتنی ئیلیام دەست ناکەویّ .. لەبەر دەرگای حەوشەکە دادەنیشمو لە چاوەڕوانیو خۆشیدا وەختە ڕۆحم دەر بچێ .. بەلآم ئیلیا لە هیچ لایەکەوە دەرناکەوێت نە لەمسەری کۆلآنو نە لەوسەری کۆلآن... خەڵکان دەڕۆنە ماڵەوەو من هێشتا وەک ئەوەی چاوەڕوانیی نوقڵەکانی دەستی دایکم بم کە ئێواران لە بازاڕ دەگەڕایەوەو بۆی دەهێنام چاوەڕوانی هاتنی ئەوم .. شەو بە قورسی دادێتو بەناچاری لەناو چیمەنی حەوشەکە لەسەر کورسییەک دادەنیشم .. کزەیەکی فێنک لەوسەری دنیاوە هەڵ دەکاتو ڕێک بە دڵی مندا دەکێشێت .. کزەیەکی وەها هەموو ئەو برینانە هەڵ دەداتەوە کە لەحزەیەک بە ناسینی ئیلیا لەسەر ڕۆحم درووست بوون .. ئیلیا تەواو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بێتاقەتم دەکات... بەیانیان لە خەو هەڵدەستم کەچی ئیلیا لەناو جێگاکەدا دەستی ناوەتە بیناقاقام ... شەو دەمەوێت بخەوم کەچی پێکەنینە حەزینەکانی ئیلیا لەسەر کتێبەکە دەستم بەر نادات .. لە بازاڕ دەگەڕێم کەچی ئیلیا بە تەنیشتمەوە پیاسە دەکات .... کە هاوڕێیەکیشم قسەم بۆ دەکات ئیلیا بردوومیو بردوومی لە شوێنێکی لاتەریک لەو دنیای ڕۆحی خۆی گیرسان دومیەتیەوە .. شەو بە قورسییەوە ڕۆ نیشتوەتە سەر دڵمو کزە فێنکەکەشی جەستەی گەڵای گوڵەکانی حەوشە دەلەرێنێتەوە .. بێدەنگ لە دڵی خۆمدا بیر دەکەمەوە ..

بۆ ئیلیا ... ئەمشەویش وەک هەموو شەوەکانی تر کە نەدەهاتی چاوەڕوانت دەکەم .. زۆرجار دەگەم بەو بڕوایەی کە ئەگەر لێرەبای هێندەی ئەوە تامی نیە کە چاوەڕوانیت بکەم .. ئەم چاوەڕوانیی کردنە چەند درێژیش بێت بەڵام نامگەیەنێت بە هیچ کۆتاییەک .. ئایا لەوە ئاگاداری کە هیچ شتێک لە کۆتایی ناخۆش تر نییە .. کۆتایی .. کۆتایی ..

چ وشەیەکی ڕەزا گرانو چ واقعێکی تاڵو بێهودەیە .. لەبیرتە کە منداڵ بووین لەو سەری دنیاوە دەهاتنەماڵمانو پاش چەند شەوێک مانەوە باوکت دەیووت ئیلیا ئەم جارەش سەفەرەکەمان کۆتایی هات .. منیش بێدەنگییەکی کوشندە دای دەگرتمو تێر تێر سەیری تۆم دەکردو لە دڵی خۆمدا دەمووت خودایە کەی جارێکی دی بگەڕێنەوە .. بەڵام ئیلیا ئێوە هەر نەگەڕانەوە .. کە گەورەش بووین من هەر بیرم لای ئەو لەحزەیە بوو کە تۆ لە تەنیشت باوکتەوە لە ئۆتۆمبیلەکەدا سەرت دەرهێنا بوو بە دەستێکیش سڵاوت لێ دەکردمو منیش هەر لەبەر دەرگاکەدا دەگریام .. بۆنی ئیلیا لەگەڵ بۆنی گوڵەکانی حەوشەکەدا تێکەڵ دەبێت، دەگریامو ئەو شەوە تا بەیانی نە نووستم .. بەیانیش کە دایکم چاوانمی بەو ئاوساویو سوور بوونەوەیەوە بینی دایە گریانو وتی کوڕەکەم چ شەیتانێک چووەتە ڕۆحتەوە .. دایکە گیان ئەوە شەیتان نەبوو ئەوە ئیلیا بوو .. ئیلیا... دایکم سەری خستمە سەر سینگیەوەو وتی ڕۆڵەکەم ئیلیا کێیە .؟ دایکم ڕاستی دەکرد ئیلیا کێ بوو ..؟ فریشتەی چ باخێکی عەدەن بوو ..؟ پەروانەی چ فیردەوسێکی نەبینراو بوو ..؟ هەناری چ دارێکی مەملەکەتی عاشقان بوو ..؟

شەو تا دێت قورس تر دەبێتو چاوەڕوانیی هاتنی ئەو شەکەتی کردووم .. من حەزێکی زۆرم هەیە بۆ بینینی تۆ ئەگەر چەندەش دوا بکەویت .. لەزەتێکی زۆرم هەیە ئەگەر بۆ درەنگانێکی زۆر درەنگیش بێت پەیدا بیت .. بەڵام دڵم پێم دەڵێ تۆ پەیدا نابیت .. ئیلیا .. بیرت دەکەم .. لەنێو خۆشەویستی تۆو خۆشنەویستنی تۆدا .. لەنێو بیرکردنی تۆو بیرنەکردنی تۆدا من مرۆڤێکم لێ دەرچووە تا سەر ئێسقان ڕاڕا .. لەنێو چاوەڕوانی هاتنی تۆو چاوەڕوان نەکردنی سەفەرەکەی تۆدا .. لەنێو قسەکردنی تۆو قسەنەکردنی تۆدا .. من

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مرۆڤێکم لێ دەرچووە تا سەر ئێسقان بێ ئیرادە .. من ماندووم .. دایکم ڕاستی دەکرد ئیلیا کێ بوو .. فریشتەی چ باخێکی عەدەن بوو .. پەروانەی چ فیردەوسێکی نەبینراو بوو ... هەناری چ باخێکی مەملەکەتی عاشقان بوو .. وا لە هیچ لایەکەوە دەر نەدەکەوت ...

ــ٣ــ

ڕۆژێک لە ڕۆژان ئیلیا هات ..

من ئەو کات گەورە بوو بووم .. باوکم جامانەیەکی کردبووە سەرمو بە دوای خۆیدا بۆ شوێنەکان ڕای دەکێشام .. لەدوایەوە دەرۆشتمو هەستم بە گەورە بوونی خۆم دەکرد .. دایکم هەموو جارێک پێی دەووتم کوڕم خەریکە دەبیت بە پیاو .. من بوو بووم بە پیاو .. بەشداری پرسەکانم دەکردو لە ئاهەنگەکانیشدا هەڵدەپەڕیم .. لە ماڵەوە بە شەق بە خوشکەکانم دا دەهاتمو دایکم تێر جنێو دەکرد .. باوکم ئێوارەیەک پاش ئەوەی هەستی کرد خەریکە دەبم  بە پیاو هەمووومانی کۆکردەوەو پێی وتین گەر من لەماڵ نەبووم ئەم پیاوی ماڵە .. پیاوی ماڵ .. چ نازناوێکی قەبەو ترسێنەرو گشت گیرانەیە .. من خۆم باوکو خۆم کوڕە گەورەی ماڵ بووم ... ئیلیاش لە هیچ شوێنێکی خەیاڵی مندا جێگای بۆ نەمابوویەوە .. عەشقم بە گەمەیەکی منالانە دەهاتە بەرچاو  .. گەمەیەک کە تەنها لە کۆمەڵگایەکی وەک ئێمەدا دەکرا .. کە گەورە دەبوویت لە جیاتی ئەوەی عەشق بکەیت دەبوو ببیت بە پیاو .. چۆن پیاوێک .. پیاوێک کە عەشقی پێ گوناهێکی گەورە بێت .. ئەو ڕۆژەش کە ئیلیا دەرکەوت من پیاوێکی کامڵ بووم .. بەلاَم کە نیگاکانی ئەوم بینییەوە منالەکەی ناو ناخم زیندوو بوویەوە .. خودایە .. چەند لەخۆشیدا منداڵ بوومەوە .. ئەو کات من لە بازاڕ لە بەردەم دووکانی تۆمارگایەکدا دانیشتبووم. کە ئیلیام لەو سەری بازاڕەکەوە بینی حەپەسام .. ئێوارەیەکی فێنکی هاوین بوو .. دنیا سادە سادە دەچوویەوە.. لەبەر زۆری پیاوەکان کەس ئاگای لە عەشق نەما بوو .. ئیلیا بێ پەروا چاوی بە دووکانە تازەکاندا دەگێرا .. بۆ چ شتێکی دیکەش چاوی گێڕابێت .. پێدەکەنی.. ئەویش گەورە بوو بوو .. ئیلیای نێو خەونە دوورەکانم .. سادەییەکی منالانە هێشتا بە ڕوومەتیەوە بوو .. من لە جێگای خۆم هەستامو دوور دوور لێم دەڕوانی .. ئیلیا دەهاتو دڵی منیش هێندەی تر بچوک دەبوویەوە .. جێگام بە خۆم نە دەگرتو هەموو سیماکانی گەورەییم فرێدا .. چاوەڕێی بووم کە بێتو هات .. لە بەردەمیدا وەستامو تێر لە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چاوەکانیم ڕووانی .. ئەوە ئیلیا بوو .. ئەویش منی دەناسی .. کەسێکی دەکەوتە خەیاڵ کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە شوێنێک دیبێتی.. بەڵام چۆنو کەی ئەوەیانی نەدەزانی .. خودای گەورە .. ئەوە چ لەحزەیەک بوو کە منی تێکەوت بوو .. بە چاوانم هەموو شتێکم پێ وت .. ئەو هیچم لێ تێ نەدەگەیشت ... من ڕێک لە بەردەمیدا قیت بوومەوەو ئەویش حەپەسا بوو .. گۆرانێکی وەهای بەسەردا نەهات بوو .. هەمان ئیلیای منالی خەونەکانی من بوو .. چاوانێکی کراوە کە لەوە دەچوو زەمەنێکی زۆر بێت لە چاوەڕوانیدا کراوە تر بوو بوون .. لێوێک کە هەر دەتووت گەڵا هەنارە .. ئیلیا با منالْ بینەوەو وەک جاران گەمەکانمان بکەینەوە .. بەڵام ئیلیا وەک یادەوەرییەکی دوور دووری خۆی سەیری کردمو بە سەیر کردنە سیحراویەکانی خۆی جێی هێشتمو لەناو زۆریی پیاوەکانی بازاڕدا ون بوو. ئیلیا کێ بوو .. کچی کام نەتەوەی دڵ لە بەرد بوو .. درۆی چ خەونێکی منالیی بوو .. ئیلیا یاقووتی چ دەریایەکی نەزانراو بوو .. خەیالی چ نووسەرێکی خۆش باوەڕو سادە بوو .. گوڵی ژاکاوی دەستی چ پیاوێکی ئەم کۆمەڵگە پڕ لە پیاوە بوو .. کەوا گەمەکانی منالیی لەیاد کردو وەک بایەکی تێپەڕ بێ هیچ ئاسەوارێک تێپەڕ بوو بوو ...

زستانی ٢٠٠٤/دەربەندیخان

* بە سێ بەش لە ژمارەکانی ( ٢١ , ٢٢, ٢٣ ) ڕۆژنامەی ( خوێندنی لیبراڵ ) دا بڵاوبوەتەوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# دراوسێکانم ژیان بەشیان ناکات.

ئەوەتا گویێم لە هەناسەیانە .... گویێم لە شلێپەی ماچو شەڕە دەستێکی بێ هودەییانەیە ... پێدەکەنن... زۆر جاریش ئاخو ئۆفێکی زاڵمانە هەموو گیانم دەهێنێتە جۆش... من بە گوێی خۆم گوێم لە بەریەک کەوتنی دوو جەستەیە وەک ئەوەی دوو ڕووبار بە خێرایی بە یەکدا دەن‌و تێکەڵ بە یەکتری بن .... گوێم لە لەرینەوەی ئەو ژوورە گەرمو گوڕەیە کە ڕێک بە تەنیشت ژوورەکەی منەوەیە ... منێک کە نەک هەر جەستەم بەر هیچ جەستەیەک نەکەوتووە تاوەکو ئێستا، بەڵکو هیچ جەستەیەکی پیاویشم تاوەکو ئێستا بە ڕووتی نەبینیوە، ئەو جارەش کە پیاوە بە تەمەنەکە هاتە داوام، دایکمو باوکم کە بە دەست پیرێتییەوە دەیان ناڵاند بە نابەدڵییەکەوە جوابیان کردو وتیان ئەی ئێمە کێ بەخێومان کات.

ئەوان ڕاستیان دەکرد.

ئەوان جگە لە من کەسی دیکەیان بۆ نەمابوویەوە تاوەکو بەخێویان کات .

براکانم یەکەکە ئێرەیان بە جێهێشتو منیان بەو تەمەنە گەورەیەوە کە بێ ئەوەی پیاوێک لە دەرگای دڵی دابێتم لە خانووە تەنهاکەدا بەجێهێشت کە دوای مردنی دایکمو باوکم بۆ من ... منی قەیرەو سەرسپی بەجێمابوو..

دایکم هەر لە تەمەنێکی زۆر زووەوە فێری چێشت لێنان‌و قاپو قاچاخ شۆردنی کردمو هەموو جاریش دەیووت کچم زوو فێربە چونکە هیچ بوکێک ئێمە بەخێو ناکات .

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەر واش دەرچوو نە ئێستاو نە ئەوساش هیچ یەکێک لە بوکو دوو کوڕەکەی پیاڵەیەک چایان بۆ لێ نەنان .

نەک هەر ئەوەندەش بەڵکو ئەوکاتەش کە برا گەورەکەم ژنە چاو سەوزەکەی هێنا بە بێزێکەوە ژنەکەی سەیرێکی منو دایکمی کردوو وتی وش .... بۆ ناتەوێت من ئەم دوو پیرەژنە بەخێو کەم.؟!

دوو پیرە ژن.! من ئەوکات تێگەشتم تەمەنی جوانیم بەسەر چووەو ژیانم دۆڕاندووە بۆیە یەکسەر دوای ئەو قسانە چوومە بەر ئاوێنەکەو تێر تێر بە دیار دیمەنی خۆمەوە گریام، دیمەنێک کە لۆچی دەموو چاوو سپێتی سەرم مرۆڤی بێهودە دەکرد.

برا گەورەکەمو ژنەکەی سەری خۆیان هەڵگرتو برا بچووکەکەشم هەموو جار بە شەق دەهات بە باوکمدا کە زۆر لە مێژ بوو چاوەکانی بەهۆی پیرێتییەوە لە دەست دابوو، دەیووت ئەگەر ئێوە نەبن من ئەم خانووە لەعنەتیە دەفرۆشمو دەڕۆم .

ئەو ڕۆیشت .. ئەو ساڵانە ساڵانی ڕۆیشتن بوو .. هەر لە گەورەوە تاوەکو بچووک ترین منداڵ دەیانووت دەڕۆین ... کچانێکی زۆر بێ پیاو کەوتبوون .. ژنانێکی زۆر مێردەکانیان بە جێیان هێشتبوونو لە وڵاتێکی دوور لە خەیاڵ گیرسابوونەوە ....

ژیان جگە لە ڕاکردنو ڕۆ یشتن هیچی دیکە نەبوو ....

براکانم  هەرگیز نەیان خوێندبوو، جگە لە چەکداریو دزیو زۆر جاریش کرێکاری هیچی دیکەیان نەدەزانی ..

کە کەڵ کەڵەی ئەم ڕۆشتنەش  پەیدا بوو  برا گەورەکەم لەگەڵ  ژنەکەی ڕۆشتن ئیدی برا بچووکەکەشم دەیووت دەڕۆم .

ئەو ئێوارەش کە برا گەورەکەم بە برا بچووکەکەمی وت لەگەڵ قاچاخچییەکدا وەرە، هاتەوە ماڵەوەو یەکی یەک تفی باشی کردە ناوچاوانی هەموومانو وتی نەفرەتتان لێ بێت .. نەفرەت لە دۆزەخەکانتان .. لە تەنهاییەکانتان .. لە خەمو خەفەتەکانتان ... ئیدی بۆ بەیانییەکەی بێ ئەوەی تەنانەت هیچ  ماڵئاواییەک بکات ڕۆیی ..

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دایکم بە دیار جێگاکەیەوە هەندێک گریاو سەیرێکی خەمناکانەی باوکمی کرد کە لەسەر جێگاکەی هێشتا خەوت بوو..

من کە برا بچوکەکەم ڕۆیی تەمەنم زۆر زوو بەرەو سەر هەڵدەکشا، ئیدی ژیانم لە نێو جل شۆردن‌و چێشت لێنان‌دا بۆ دایکم‌و باوکم کە بەیەکەوە ئەم دنیا ناخۆشەیان بەجێهێشت تەواو بوو بوو.

ئەوەتا ئەم جارەش گوێم لە هەناسە بڕکێ‌و قیژەی کورت‌و پێکەنینیانە ..

ئەو قیژە کورت کورت‌و حەز ئامێزانە هەموو گیانم دەهێنێتە جۆش .... من دەزانم ئەوە لە خۆشییەوەیە نەک ئازار .... دەزانم .. نازانم .. ئادەزانم ..... چەندەها جار قیژەی لەو جۆرەم کردووە .

هەموو جار پیاوێک دەهاتە خەیاڵمەوەو هێدی هێدی ماکسیە زەردەکەمی هەڵ دەدایەوە .. ئا.... بەتەواوەتی لە بەری دادەکەندم‌و .. بەبێدەنگیی لەسەر پشت دەیخستم‌و دەمی دەهێناو سەری ماچ دەکردم ..... دواتر بەرەو خوار تاوەکو ناو دەمم دە هات.

خودایە بۆنی عەتری لێ دەهات .. دەستی دەخستە قژمەوەو بە توندیی لێوی دەگوشیم چ زۆرزان بوو خودایە دەستی دەبرد... دەیبردو دەیبرد تاوەکو ئەو شوێنەی کە نەدەبوو ببیات.. من پێم خۆش بوو، لە قیژەی خۆم بە ئاگا دەبوومەوە...

گوێم لە شەڕە دەستە .. ئەوە چی‌یە هەر ئەڵێی شەڕدەکەن ئەم دراوسێ تازانەم ..

لەوەتەی ژوورە گەورەکەم داوە بە کرێ‌و خۆم لە ژوورە بچووکەکەدا نیشتەجێ بووم شەڕی لەو جۆرەم لێیان نەبینیوە. ئەوان کوڕو کچێکی بەختەوەرن ... هەردووکیان خوێندکاری زانکۆن ... بە یەکەوە دەخوێنن‌و بە یەکیشەوە ژن‌و مێردن ...

ڕوویان خۆشە هەموو جار هەرچیی بۆ خۆیان بهێننەوە بەشی منیش دەدەن‌و دەڵێن (پورێ)، ئا پورێ لە نوێژەکانتا دوعامان بۆ بکە با لە تاقیکردنەوەدا دەرچین ..... تاقیکردنەوەی ئەمڕۆمان زۆر زەحمەت‌و قورس بوو ... من دەڵێم بەسەر چاوان ڕۆڵەکانم لە دنیادا شت نییە لێی دەر نەچیت ....

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

من ئەوانم خۆش دەوێت .. ئەوانیش من، هەموو جار گۆرانییەکەی ( عەدنان کەریم ) دەخەنە سەر تەسجیلەکەو بەدەم سەعی کردنەوە دەیلێنەوە..... لە ژوورەوە چەپڵە لێ دەدەن‌و پێدەکەنن .. کە بێتاقەتیش دەبن درەنگانێک وەک ئێستا بەر دەبنە یەکتریو من لەم دیوەوە دەکوژن...

ئەوە چییە خۆ پێدەکەنن، شوکر خودایە .. من چاکیان دەناسم ئەوان چەند دڵیان خۆشە .. زۆر جاریش باسی هاوڕێکانیان دەکەن‌و گوێم لێیە بە گاڵتە پێکردنەوە ژیانیان دەگێڕنەوە...

ئەو جارەیان من لەسەر دۆشەکە چلکنەکە پاڵ کەوتبووم کوڕەکە بە کچەکەی دەووت برادەرەکەت حەزی لێکردوومو ئەمڕۆ لە کافتریاکە پێی وتم .....

کچەکە بە پێکەنینەوە دەیووت چەند بێ ئەقڵە! ئەی نازانێت چەندێک من تۆم خۆش دەوێ....

خۆشەویستی ...

ئەو وشەیە چەند غەریبە بە من .. منێک کە تاوەکو ئەم ساتەش لە پیرێتیدا نووقم بووم یەکێ وشەیەکی لەو€جۆرەی پێ نەوتووم ...... دڵم تەنگ دەبوو .. بەڵام دووبارە بە پێکەنینی ئەوان دەهاتمەوە سەر خۆم‌و خۆزگەی ژیانێکی بەختەوەرم بۆ دەخواستن.

ئەوەتا گوێم لە هەناسەیانە خێراتر دەبێ .. وەک ئەوەی ڕێگایەکی دووریان بە ڕاکردن بڕیبێ....

دووبارە زرم‌و کوتەکە دەستی پێ کردەوە ... من لەم ژوورەدا هەست بە لەرینەوەی زەوی دەکەم وەک ئەوەی ئەمە دووا هەمین لەرینەوەی زەوی بێت‌و ئیدی ژیان بۆ هەتا هەتایە ڕابوەستێت .. پێدەکەنن‌و زۆر بە سووکیی قسە بۆ یەکتری دەکەن.....

ئەوەتا جەستەکانیان خاو دەبێتەوەو دەنگی هەناسەیان نامێنێت ..

هیچ دەنگێکیان نامێنێت ... هیچ بۆنێکی خۆشیشیان نامێنێت ...

نەک هەر دەنگ‌و ڕەنگ‌و بۆنیان لە خەیاڵی مندا نامێنێت .....

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەڵکو چیدی منیش نە لەم ژوورەو نە لە هیچ ژوورێکی ساردی تاریکی ئەم دنیایەدا هیچ بۆنو ڕەنگو دەنگو هەناسەیەکم نابیستریێت......

سەرەتای پایزی ٢٠٠٣/دربندیخان

* لە ژمارە ( ٣٨٦) پاشکۆی ئەدەب وهونەری ڕۆژنامەی( کوردستانی نوێ ) دا بڵاوبوەتەوە

## شەوی ناو چیمەنەکە.

خوشکە گەورەکەم بە تەلەفون دەڵێت باوکمان مرد.

ساڵەهای ساڵ ئەو برینەی باوکم لە ڕۆحمدا دروستی کردبوو گەورەتر دەبوو شەوەهای شەو دەچمە حەوشەکە، بەسەر کورسییەکەوە لەناو چیمەنەکەدا لە گوڵەکان دەڕوانم، کە هەموویان لە قەراغ چیمەنەکەوە لە چاوەڕوانیی بەیانییەکی تردا ڕاوەستاون، دایکم لە ژورەوە لە ناو جێگاکەیدا کەوتووەو بەدەم ئازارێکی زۆرەوە بانگی من دەکات من کوڕە خۆشەویستەکەی جارانیو تارماییە تاریکاییەکەی ئێستای، دەڕۆمو گڵاسێک ئاوو حەپێکی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نووستنی دەدەمێ، بێدەنگو ئارام وەک دنیای دەرەوە لێی دەنوێ، دووبارە دەگەڕێمەوە ناو چیمەنەکەو بۆنی گوڵە ڕەیحانەکان هەندێک ئارامیم پێ دەبەخشن باوکم قاتێکی شاڵی ڕەسەنی لە بەردایەو چەپکێک گوڵە ڕەیحانەی خستۆتە بەر پشتوێنەکەیەوە، هەموو بەیانییەک جوان جوانێک خۆی دەشۆرێتو لەبەردەم ئاوێنەکەدا قژی شانە دەکات، بە مۆنییەکەوە داوای دەمانچەکەی دەکاتو لە ژێر چاکەتەکەیدا دەیشارێتەوە، ئەو دەترسێت، تەنانەت لە ئێمەش دەترسێت، ترسێک کە کەس نازانێت بۆ ؟

تەنانەت منیش کە بە حیساب کوڕە گەورەی ئەوم، خوشکەکانم هیچ کەسێکیان ناوێرن پرسیاری لێ بکەن، دایکم لە پشتەوە قاتەکەی بۆ ڕێک دەخاتو گومانێکی زۆری لێی هەیە، گومانەکانی دایکم ناتوانێت تا سەر بە شاراوەیی بمێنێتەوەو لە پڕێکدا پێی دەڵێت: ئەمڕۆ بۆ کوێ دەڕۆیت پیاوەکە؟ باوکم وەک هەموو جارێکی دەنگە دەنگەکانیان کەمێک لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی دەکاتو بە خۆنازینێکەوە دەڵێت ئەی لەلای پیرەژنێکی وەک تۆدا چی بکەم. ئیدی شەڕەکە دەست پێدەکاتو وەک هەموو بەیانیەکان باوکم بێ خواردنی نانو چایی دەڕوات، دایکم بەدەم جنێو دانو خوشکەکانیشم بەو هیوایەی کە جارێکی دیکە نەگەڕێتەوەو منیش وەک هەموو جار بە بێ دەنگیی، خواحافیزی لە باوکم دەکەین ئێستاش کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە بێدەنگییەکی قووڵ دام دەگرێ، وێنەی هەموو دیمەنەکان لە خەیاڵمدایەو هەموو ساتەکانم لە بیرە، تەنانەت شێوەی خانووەکەو شێوەی کۆڵانەکەشمان خانوویەکی سادە لە کۆڵانێکی سادەدا، کە پڕی بوو لە ماڵی سادە، لە کەسی سادە هەموو دوای عەسرانێک بە تۆپێکەوە لەگەڵ هاوڕێیانی تری کۆڵاندا یاریمان دەکرد، جار نا جارەش تۆپەکانمان دەخستە ماڵانەوەو دەڕۆیشتین دەمان هێنایەوە بەیانیانی هاوینیش ئەوکاتانەی کە قوتابخانەکان دا دەخران بەیەکەوە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی تردا لە ماڵی ئیمە سەیری ئەو فلیم کارتۆنەمان دەکرد کە پاڵەوانەکانی هەرگیزاو هەرگیز نەدەمردن، دایکیشم لەگەڵ ژنانی تری گەڕەکدا بە یەکەوە دادەنیشتنو دەکەوتنە باس کردنی خراپەکانی پیاوەکانیان، ئێمە گوێمان بەو باسو خواسانە نەدەداو خەریکی سەیرکردنی تەلەفزیونی خۆمان بووین. ساڵەهای ساڵ، من لەو وواڵتە دوورەدەستو ساردو سڕەدا ئەم خەیاڵاتانە دەیکوشتم، دەیکوشتمو جگە لە ڕۆحێکی کڵۆڵو جەستەیەکی ماندوو، ڕۆحێکی تاریکو جەستەیەکی بێ هەست هیچی دیکەی بۆ نەهێشت بوومەوە کە خوشکە گەورەکەشم بە تەلەفونێک پێی وتم باوکمان مردووە، نەمدەزانی دڵم خۆشە یان نا، بگریم یان نا، ئازادم یان نا، بۆ ماوەیەک وەستامو لە پڕ لە گریانم دا، گریانێک کە چەندێک لە کارەساتەوە بوو هێندەی ئەوەش لە خۆشییەوە، چەندێک لە دڵ تەنگیەوە بوو بەقەدەر ئەوەش لە دڵ خۆشییەوە، شەوەهای شەو من گریامو ئەو سەرمایەی ئەو وواڵتە ساردەش دڵی سارد نەکردمەوە. درەنگانێکی شەو باوکمو دایکم بە شەڕ هاتنو باوکم

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تێرو پڕی له دایکم دا، ئێمه له ژوورەکەی تر خەوتبووین، هەردوو خوشکەکەم نەیان دەوێرا قسه بکەن، منیش که تازه ڕۆیشتبوومه ئامادەییەوه گریانەکانی دایکم جوڵاندمیان‌و دەرگاکەم کردەوه، باوکم به سۆندەکەی دەستییەوه له دایکمی دەدا، پەلاماریم داو سۆندەکەم له دەست کردەوه، باوکم که منی بەو شێوەیه بینی له داخانا خەریک بوو شێت دەبوو، پەلاماری دەمانچەکەی‌دا که له ژێر پشتیەکەی سەرییەوه شاردبوویەوەو ویستی بمکوژێت، بەڵام دایکم کەوته نێوانمانەوەو نەیهێشت، باوکم تەڵاقی خوارد که جارێکی دیکه پێ نەخەمه ئەو ماڵەوەو هەر بەو شەوه لەو ماڵه وەدەری نام. شەوەهای شەو من له ماڵه خزمەکاندا نوستووم، لەم ماڵەوه بۆ ئەو ماڵ، لەم سەربانەوه بۆ ئەو سەربان، له بۆڵەو شەڕه چاوەکانی ماڵێکەوه بۆ بۆڵەو شەڕه چاوەکانی ماڵێکی تر، ئەو جارەش که فرسەتی هاتنه دەرەوەم بۆ ڕەخساو به زۆری دایکم‌و خوشکەکانم باوکم پارەی قاچاخچیەکەی‌دا له وڵاتێکی بێ میهردا گیرسامەوه. من به شەقامەکاندا دەڕۆیشتم‌و بەدەم ئازارێکی ڕۆحیی قوڵەوه دەمناڵاند، له بەردەم دووکانه خۆشەکاندا دەوەستام‌و به سەعات زیاتر له بابەتی پشت جامخانەکانیم دەڕوانیی. که کچه خوێن شیرینه بیانیەکەش بوو به هاوڕێم نەیتوانی هەموو ئازارەکانم کەم بکاتەوه، ئەو هەموو جارێک کاتێک بەسەر کورسیه درێژەکەوه که لەژێر داره گەورەکەدا بوو دادەنیشتین، پێی دەووتم به ڕاست ژیانی ڕۆژهەڵات ئەوهایه، منیش که له چاوەکانیم دەڕوانیی تەعبیری له دنیایەک پاکێتی‌و بەرائەت‌و جوانی دەکرد، دەستم دەخسته قژییەوەو پێم دەووت بەو شێوەش نیه که تۆ باسی دەکەی چەند ساڵ دوواتر من گەوره دەبم‌و دڵم هەر له لای ئەوانه. دوای من خوشکه بچوکەکەم لەبەر ئەوەی حەزی له کوڕێک دەبێت‌و باوکم ڕازی نابێت بیداتێ، له گەرماوەکەدا تەنەکەیەک نەوت دەکات به خۆیداو خۆی دەسوتێنێ. تەلەفونم بۆ دەکرێت‌و ئەو ڕووداوه چەندەها شەو به تەنها لەسەر شەقامەکان دەمخەوێنێ، هەموو ئەو کاغەزانەش دەدڕێنم که نووسیومن‌و به ڕۆژیش دەرگای ژورەکەم له سەر خۆم دادەخەم، کچەکەی هاوڕێم سەدان جار تەلەفونم بۆ دەکات‌و وەڵامی نادەمەوه، باوکم له پرسەکەیدا زۆر به ئاسایی دەوەستێت‌و ڕۆژانی دواتریش هەروەک خۆی لێ دەخورێت, له حەسرەتا دایکم تووشی ئیفلیجی دەبێت‌و بەسەر عەرەبانەیەکەوه دایدەنێن. باوکم پاش ماوەیەک خوشکه گەورەکەم دەدات بەشوو دایکم دەنێرێت بۆ شوێنێک که ڕێخراوێکی خێرخواز بەڕێوەی دەبات، بۆ ئەوانەی که پیرو پەککەوتەن‌و تووشی ئیفلیج بوون هاتوون. خوشکه گەورەکەم چەندان جار دەیەوێت خۆی لەناو بەرێت، دواتر له بەر من پەشیمان دەبێتەوه. شەوێک تەلەفون دەکات‌و دەست دەکات به گریان ئەو بیرم دەکات‌و منیش زیاتر. هاوڕێ کچەکەم به زۆری زۆرداری دەمبات بۆ ماڵی خۆیان، باوکی به ڕێزێکەوه لەگەڵ دایکیدا دوو چەپک گوڵی زەردم دەدنێ، ئەوان هەموو ژیانیان کچەکەیانه، لەسەر مێزی نان خواردنەکه باس هەر باسی مناڵیی ئەوه، ژوورەکەشیان پڕکردووه له وێنەی ئەو، من خەفەت دام دەگرێت‌و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لەبەر ئەوان نەبێت دەست هەڵدەگرم لە نان خواردنەکە. لە ژێر مانگە شەوەکەدا دوو بە دوو دانیشتوین، سەر دەخەمە سەر سنگیو تێر تێر دەگریم، ئەویش دڵی پڕ دەبێتو دەگری، باوک و دایکی زۆر لە مێژە خەوتوون من هەست دەکەم ئەو تاکە کەسە کە من هێندە خۆشم دەوێ، هێند بە ئازادی دڵی خۆمی بۆ دەکەمەوە، هێند بە ئازادی تەسلیمی دەبم. بەیانییەکی زوو باوکم سەفەرێکی هەیە، ئۆتۆمبیلەکەیان وەردەگەڕێتو دوو ڕۆژ دواتر دەمرێت خوشکە گەورەکەم حەسرەتێکی قوڵی لە دڵدایەو لە تەلەفونەکەدا دەگری، بیری منالیمان دەکات، بیری پێکەنینە خۆشەکانی دایکمان کەبەیانیان زۆر زوو خەبەری دەکردینەوەو نانو چای دەدا پێمان بۆ ئەوەی فریای قوتابخانە بکەوین. ئەو دەڵێت وەرەوە دایکم هەر باسی تۆ دەکات، دایکم ناوی تۆی بەسەر زمانەوەیەو دەڵێت بەر لەوەی بمرم با بیبینم. من بیری دایکم دەکەم، هەر یەکسەر بەیانی بلیتی فڕۆکەخانە دەبڕمو بە تەلەفون بە کچەکەی هاوڕێم دەڵێم. ئەو دەڵێت منیش حەزدەکەم لەگەڵتا بم، بەڵام من زۆر گرنگی پێ نادەمو بە بیانووی جۆراو جۆرەوە پەشیمانی دەکەمەوە خوشکە گەورەکەم بە پیاوەکەی ڕازییەو دەڵێت پیاوێکی دڵ سافە. دایکمی بردووە بۆلای خۆیو بەخێوی دەکات. دەگەمە کۆڵانەکەو یەکەیەکە ساتەکانی منالیم وەبیر دێتەوە. ژنەکەی باوکم دوای ماوەیەک شوو دەکاتەوەو لەگەڵ خوشکەکەمدا لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون، کە خانوە کۆنەکە بۆ ئێمە جێ بهێڵێتو هەموو سەروەتەکانی تری باوکم ببات.ماڵەکانی گەڕەک وەک خۆیان ماونو منالەکانیان وەک ئێمە یاری دەکەن، دەرگاکە دەکەمەوەو منالێکی بچکۆلانە دەڵێ فەرموو، دەیگرمە باوەشو دەڵێم دایکت لە ماڵە، دایکی لە پەنجەرەی ژوورەکەوە سەیر دەکاتو لە خۆشیاندا وەختە شێت ببێت، دەست دەکات بە گریانو دەیگرمە باوەش، چاکو چۆنی لەگەڵ پیاوەکەیدا دەکەم، دایکم لە ژوورەکەی ترەوە بانگم دەکاتو دەڕۆم بۆ لای دەگریمو تێر ماچی دەکەم، دەست دەکاتە ملمو دەڵێت ئۆخەی. خوشکە گەورەکەم دەڕواتە خانوویەکی ترەوە کە من تازە بۆم کڕیون. حەزدەکەم منو دایکم بە تەنها لە خانوەکەی خۆماندا بمێنینەوە. ساڵەهای ساڵ لە خەیاڵی خۆمدا لەناو ئەم چیمەنەدا بە تەنها دانیشتووم سەیرکردنی گوڵەکانی چواردەوری چیمەنەکە ئارامیم پێ دەبەخشێتو بایەکی خەمگینیش هەڵدەکات ساڵەهای ساڵ برینەکانی باوکم گەورە تر بوونو ڕۆحی هەمووومانی پارچە پارچە کرد. شەوەهای شەو من بیرم دەکردەوەو دەمپرسی نەدەکرا چارەنووسمان بە شێوەیەکی تر بێت جیاواز لەو چارەنووسەی پێشوو تر، شەوەهای شەو هاوڕێ کچەکەم پێم دەڵێت وەرەوە من بیرت دەکەم، وەرە سەر لە نوێ ژیانێکی تر بژی ژیانێک لە سەرەتای سەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە. منیش کە بڕیارم داوە تاوەکو دایکم لەژیاندا بێت نەڕۆمەوە، لە خۆشەویستیاندا پێی دەڵێم هیچ ژیانێک نیە لە سەرەتای سەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە هیچ ژیانێک.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

*له ژماره ۲۹ی رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ دا بڵاوبوەتەووە هاوینی‌ی ۲۰۰٤ دەربەندیخان

## شەوەکانی دڵی من.

باوکم له حەوشەکەدا لەسەر دەم خۆی داوه به ئەرزەکەداو ئاخو ئۆفیەتی هەموومان ماندووین دەمەو مەغریب باوکم به سەرخۆشی گەڕایەوەو تێرو پڕی له دایکم د،ا کەسمان نەماندەوێرا سەیری نێوچاوانی بکەین، که له سوریدا مەرگی لێدەباری. خوشکه گەورەکەم لەژێر جێگایەکەیەوه پێم دەڵێت خۆزیا مردبامو لەم جەهەنمه ڕزگارم بایە. ئەوه ئیشی هەموو جاری باوکمه کەسەرخۆش دەبێت بەکلکه ماسیحەکەی حەوشەکه دایکم دارکاری دەکاتو هیچ دراوسێیەکیش فریامان ناکەوێت دواتریش ئێمه دەکاته سەربانو به شەهوەتێکی دوای سەرخۆش بوونەوه له دایکمدا خۆی خاڵی دەکاتەوه. خوشکه گەورەکەم که بیستو پێنج ساڵه لەو ماڵەدایە، به حەسرەتێکی قووڵەوه دەڵێت من به بیرم بێت ئاوەهایە. منیش لەژێر جێگاکەوه که بەتانیەکەم تاسەر سنگم ڕاکێشاوه بێدەنگ سەیری ئەستێرەکانی ئاسمان دەکەم که وەک هەزارەها گڵۆپی ڕووناک لەو ئاسمانه پانو بەرینەدا ڕووناک دەچنەوه. من لەخوشکه گەورەکەم سێ ساڵێک بچوک ترم، ڕۆژ ت ائێواره لەگەڵ

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دایکمدا خەریکی ئیش‌و کارەکانی ناوماڵین، دایکم ڕوویەکی گەش‌و ڕۆحێکی میهرەبانی هەیە، سەرەڕای هەموو شتێکی باوکم کەچی ئەم وشەیەکی لە دەم نایەتە دەرو قسەیەک چی‌یە پێیناڵێت. من زۆربەی جار دەڵێم " دایکە کە یەکەمجار دەتزانی وەهایە بۆ جێت نەهێشت‌و ئیدی هەرگیز ئەم ماڵە دۆزەخیەت ئاوەدان نەکردایەتەوە"

ئەویش لە بەردەم تەنکی حەوشەکەدا خەریکی شۆردنی گڵاسەکانی باوکمە کەبۆنی ئارەقی شەوی لێدێت سەردادەخات‌و دەڵێت کچم ئەو هەرچۆنێک بێت باوکتانە، دایکم خۆی لە هەموو پرسیارێکی ئەوها دەدزێتەوە. باوکم هەر لەمناڵیەوە ڕقێکی تایبەتی لە منە من ئاگاداری ئەوەم هێندەی ئەوەی دڵی لە من بە گومانە بۆ خوشکە گەورەکەم ئەوها نییەو چەند جار لەسەر شتی زۆر پوچ لێیداوم، قژی بە حەوشەکەدا ڕاکێشاوم‌و بە پێ پانەکانی هاتۆتە پشتما، چەندجار من‌و دایکمی بەتەنها لەماڵەوە جێ هێشتووەو لەگەڵ خوشکە گەورەکەمدا ڕۆشتوون بۆ بازاڕ بەم گوێیانەی خۆم گوێم لێ بووە بەدایکمی وتووە ئەم کچەی تۆ ڕۆژێک گەورە بێت شەرەفمان دەبات، ئەوندە مەهێڵە بە دیار تەلەفزیونەوە دابنیشێت‌و سەیری فلیمی قوڕ بکات. ڕۆحی من بەردەوام ڕۆحێکی یاخی بووە، گوێم بە قسەکانی باوکم نەداوە، ئەو کاتانەی ئەو لەماڵ نەبووە بەدیار تەلەفزیونەکەوە سەیری فلیمم کردووەو ماچەکانی ناوی وروژاندوومیان، قسەم لەقسەی باوکمدا کردوەو ئەنجامەکەیشیم زانیوە کە بەلێدان تەواو دەبێت، هەر بەزۆری زۆرداری خوێندومەو گەشتوومەتە پەیمانگا باوکم ساڵەهای ساڵ خۆی گرژو مۆن کردوەو بە نابەدڵیەکەوەو بەهۆی قسەی هاوڕێکانیەوە پارەی پێداوم خوشکە گەورەکەم بۆڵە بۆڵیەتی‌و دەڵێت هەر کەسێک بێت شوی پێدەکەم، گرنگ نیە هەر چۆنێک بێت، تەنانەت ئەگەر مەیمونێکیش بێت یان گەوادێکیش بێت، بەس لەم شەوە هەزار بارەبوانە ڕزگارم کات. باوکم لە حەوشەکەدا ئاخ‌و ئۆفیەتی‌و دایکیشم لە ژورەکەی تردا لەلایەکەوە هەڵتروشکاوە، دایکم دەزانێت ئەو بۆی نیە بخەوێت تاوەکو باوکم شەهوەتی خۆی خاڵی دەکاتەوە باوکم گوێی لە چپە چپی ئێمەیە لەسەربان‌و بەزەویەکەدا دەکێشێت بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنین. جەستەم بۆنی پیاوی لێدێت باوکم پێ بزانێت سەرم دەبڕێت، خوشکە گەورەکەم لەحەسرەت‌و خەیاڵ‌و چاوەڕووانی کەسێکدا خەوی لێ دەکەوێت‌و بە تاق‌و تەنها من لەوسەربانە پان‌و بەرینەو لەژێر ئەو ئاسمانە گەورەیەدا جێ دەهێڵێت. لە خەیاڵی کوڕە چاو کاڵە قژ ڕەشەکەدام، کە ڕوخساری هێندەی پەڕەی گوڵێک ناسکەو بەردەوام بۆنی ئەو عەترەی لێدێت کەمن خۆشم دەوێت. دڵنیام بەیانیش وەک ڕۆژانی دی چاوەڕوانمەو لەفەرمانگەکەداو لەژورەکەی خۆیدا دەمگرێتە باوەش. ماوەیەکی زۆر نییە ئەو کوڕەم خۆش دەوێت ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمجار پێم نایە ناو فەرمانگەکەو دەمویست تیایدا دابمەزرێم، ئەو لەبەردەم ژورەکەی خۆیدا پیاڵەیەک چای بەدەستەوە گرتبوو لەگەڵ فەرمانبەرێکی کچی تردا سەیری

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کاغەزێکیان دەکرد، ئەو ڕۆژە شەرمم دەکردو کە نوسراوەکەی منیش بەژووری ئەو کوڕە جوانەدا تێپەڕی لە پشتی مێزەکەوە سەری داخستبوو، نووسراوەکەم خستە بەردەستیو بێ ئەوەی لێم بڕوانێ کەوتە خوێندنەوەی، دواتر قەڵەمێکی دەرهێناو ئیمزایەکی کرد، کە وتیشم سوپاس بۆ یەکەم جار چاوی تێ بڕیمو تووشی حەپەسان هات، نووسراوەکەی دا بە دەستمەوەو وتی پیرۆزە لێرە دەوام دەکەی، من سوور هەڵگەڕابووم، ئەوە یەکەمین جار بوو نیگایەکی ئاگراوی لەو جۆرە ڕۆحم بسوتێنێ ئیدی هەموو بەیانییەک بەیانی باشم لێدەکردو نیگامان دەگۆڕیەوە من لەژورێکی تربوم، کوڕێکی لێ بوو هێند خەریکی نوسراوەکان بووبوو دڵی وەک بەردی لێ هاتبوو. چ ژوورێکی تەنگو تەنهابوو خودایە، ئەو ڕۆژەشیان کە نوسراوەکەم برد بۆ ژووری کوڕە چاوکاڵەکە کە کچانی تری فەرمانگەکە لە ئێرەییدا کەسیان قسەیان لەگەڵ کەسیان دا نەدەکرد، بێ هیچ قسەیەک نوسراوەکەم خستە بەردەستی، سەری هەڵبڕیو بێ هیچ قسەیەک هەستاو دەرگاکەی لەدوای منەوە پێوەدا، توند هەردوو دەستی گرتمو بە دەرگاکەیەوە نوساندمو دەمی تا قوڵایی ڕۆحم خستە ناودەمم، خودایە ئەوەچ جۆرە ماچێک بوو، ماچێک چەندان سەدەو زەمەن درێژەی کێشاو کەسیش نەیدەتوانی بیسڕێتەوە، تەنانەت کچانی فەرمانگەکەش نەیاندەتوانی لێکمان جیابکەنەوە. ئەو دەڵێت دڵنیابە لەو دۆزەخە ڕزگارت دەکەم من دەڵێم کەی سەیرێکی ساڵنامەی سەردیوارەکە دەکاتو دەڵێت بەم زوانە.

دڵم لە خۆشیاندا خەریکە لەت دەبێ دەست دەخاتە قژمەوەو تێر تێر سەیری ناوچەوانم دەکات، بە پێچەوانەی باوکمەوە کە کەس زات ناکات لێی بڕوانێت. هەموو فەرمانگەکە دەزانن من و ئەو پێکەوەیەن، بەتەنها باوکم نەبێت، تەنانەت لەلای دایکیشم باسم کردووەو هیچی نەوتووە. پێم دەڵێت باوکت چی بڵێت من ئەوە دەکەم، بەڵام من ترسی قەناعەتە پوچەکانی باوکم کوشتوومی کە پێی وایە ژن بۆ خزم بێت باشترە تا وەکو بێگانە. هیچ من ناکوژێت خوشکە گەورەکەم نەبێت، ئەو چەندێک جوانیشە ( هەرچەند بەقەدەر من نا ئەمە غرورێکی کچانەش نیە ) بەڵام چونکە دنیای ئەو لە چوار دیوارەکەی ماڵدا کۆتایی پێ دێت کەس نەچوەتە دڵیەوە، خوشکە گەورەکەم چاوەڕوانە پیاوێک لەوسەری دنیاوە بێتو ئەم ڕزگار کات

من پێی دەڵێم دەبێت خۆت بگەڕێیت بۆ ئەوەی پیاوی خۆت بدۆزیتەوە، بە شەرمێکەوە دەڵێت شانسی من وشکی کردووە.

خوشکە گەورەکەم گۆرانی نەماوە گوێی لێ نەگرێت، بەتایبەتیش گۆرانیە خەمگینەکان، زۆرجاریش قسان ناکاتو من دڵی ڕادەگرم، من لەنێوان خۆشی خۆم و ناخۆشی ئەودا قەتیس ماوم، لەڕۆحمدا ململانێیەکی سەختو دولایەنە هەیە، ئەو لەلایەک دەیەوێت بمکاتە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

موڵکی خۆیو لەلایەکی تریشەوە قەهری تەنهایی خوشکە گەورەکەم هەموو خەیاڵەکانم دەشێوێنێت. بە تەنیشتمەوە خەوتووەو هەر خودا خۆی دەزانێت خەون بە چ کوڕێکەوە دەبینێت، باوکم لەسەر جێگاکە نەماوەو من شەرم دەمگرێ، شەو وەک هەموو شەوەکانی دڵی من تێدەپەڕێتو ئەستێرەکانیش تا دێت کز تر دەچنەوە، بەیانی کوڕە چاوکاڵەکە دەمگرێتە باوەشو دەڵێت ئەمشەو زۆر بیرم کردووی، ئێوارەش باوکم بە سەرخۆشی دەگەڕێتەوەو بە کلکە ماسیحەکەی حەوشەکە دایکم تێرو پڕ لێدان دەکاتو دواتر شەهوەتی خۆی بۆ ئەبەد تیادا خاڵی دەکاتەوە، من ئێستا دەڵێم شەوەکانی دڵی من بێ کوڕە چاوکاڵەکە شەوگەلێکی درێژو تا ئەبەد ڕەشە.

دەربەندیخان /هاوینی ٢٠٠٤

*لە ژمارە ( ٣٩٦ ) پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی ( کوردستانی نوێ ) دا بڵاوبوەتەوە

مەرگێک بەدەم کلوە بەفرەکانەوە.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

به بێدەنگی فڕێیاندامە ناو گۆڕەکەوە ئەو کاتە بەفر لەسەرخۆ دەباریو کزەیەکی ساردیش دنیای گرتبوو ئەو بەیانیەی بەر لە گولە باران کردنم کاتێک لەزیندانە تاریکو تەنگـەکەدا دەریان هێنامو سواری پشتی جێبە سەربازییەکەیان کردم، هێشتا خەونەکانی منالیم بەدوای خۆمدا ڕادەکێشت، لەوەتەیش لــەو زیندانە دوورە دەستو سامناکەدا فرێدرام دنیام زۆر بە بچووکی دەهاتە پێش چاو، کە جەللادە تەنگەقەویە مۆنەکەش پارچەیەک سەموونو قاپێک شۆربای لەبەردەم شیشەکانی دەرگاکەدا دادەنا بۆم لەوە دڵنیا دەبووم کە ئەمرۆشم بۆ دەبرێتە سەر، ژیان لــە ناو ئەو چواردیوارە ساردەدا هێندەی تر سارد دەچوویەوە. من تەنها بەهاتنی قاپە خواردنەکانی ئەو جەللادە تەنهایەدا دەمزانی شەوو ڕۆژەکان لە ڕۆیشتنی خۆیان بەردەوامن، ئەو بەیانیە ساردەش کە لە حەوشەی زیندانەکەدا بە چاو بەستراوی تا وەکو ناوجێبەکەیان بردم کڵوە بەفرە بچووکەکانو کزە با ساردەکە دەیان دا لە ڕوومەتمو بە بیرم هاتەوە کە ژیانی دەرەوە چەند جیاوازە لە ژیان لە نێو ئەو ژوورە مەرگهێنو ترسناکەدا. کاتێکیش بە چاو بەستراوی بە دارەکەیانەوە بەستمەوەو میلی تفەنگەکانیان لێ هێنامەوە بەفر زۆرو بەردەوامو لەسەر خۆ دەبــاری، من نەمدەزانی لەسەر چی زیندانییان کردووم، نەک هەر ئەوەندەش بەڵکو کە گوللە بارانیشیان کــــردم نەمزانی مردنی من چ ڕووداوێکی گەورەو گرنگ دروست دەکات. لێکۆڵەرەوەکە لە شەوە ساردەکەدا دوای لێدانێکی زۆر لە جەستە ناسکەکەم پرسیاری لێکردم سەر بە کام گروپی تێکدەرم، پێکەنینم هات، بە زەردەخەنەیەکی زۆر کورتەوە وتم جا گروپە بنیاتنەرەکان کامانەن تا من لەگەڵ تێکدەرکان بم، بە بۆکسێک دەمی پڕکردم لە خوێنو وەڵامی دامەوەو گووتی کەر باب ئێستاش هێرش دەکەیتە سەر گروپی سەرۆک نەمتوانی ئەم جارەش پێنەکەنم بە بێزارییەکەوە وتم کام سەرۆک. ؟!

من هەر پێدەکەنیمو ئەو هەر لێی دەدام پێدەکەنیمو ئەوان هەر لێیان دەدام خودایە چ پێکەنینێک گرتبومی ئەو هۆڵو زیندانە دوورە دەستەم هێنابووە لەرزە خوێن لە هەموو لایەکمەوە دەهاتو من گــــاڵتەم لێ دەهات پێدەکەنیمو دەمووت کام سەرکردە؟! بژی کام سەرکردە؟! بمرێ کام سەرکردە؟! گەنج تر بێ کـــام سەرکـردە؟! ئەوان ئەشکەنجە نەما تاقی نەکەنەوە لــە من داو من زیاتر پێدەکەنیم هاوارم دەکـــرد بژی کـــام گرووپ؟! بمرێ کام نەتەوە؟!

دەمکرد بە یەخەی لێکۆڵەرەوەکەداو دەمووت: گەمژە تێکدەرەکان کامانەن تۆ پێم بڵێ ئەی گرووپە بێ گوناهەکان کـامانەن؟! گەمژە پێم بڵێ ئەگینا من هەر پێدەکەنم. کاتێکیش

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

که به هۆش هاتمەوە دوو ڕۆژی ڕێک بوو لە ژوورە تاریکو خەمناکەکەیان نابووم، چاوم کردەوەو جەللادەکەم لەبەردەم شیشەکانی دەرگاکەدا بینیو بەزەحمەت ڕووداوەکانم بیر دەکەوتەوە، لەودیوەوە بە دەنگێکی جەللادانە وتی: ئاخریەکەی چاوت کردەوە، دووڕۆژە تۆ خوێنت لێ دەڕواو کەسیش تیماری نەکردوویت ها ئەوەش خواردنی ئەمڕۆت چاوێکم بە ژوورەکەدا گێڕاو جۆگەلە خوێنی خۆمم بینیو باوەڕم بەم کابرایە کرد کە لە قولاَیی چاوەکانی دا تیشکێکی کزی مرۆڤانە دەبینرا. من بیرم نەبوو کەیبوو گیرام ساڵی چەند بوو یان مانگی چەند بوو چەند شەممە بوو بەلاَم زۆر بە کزی بە خەیاڵمدا دەهات، ئەو نیوەڕۆیەی منیان لەسەر خواردنە گەرمەکە هەڵساندوو ڕووەو دەزگای ئاسایشی شارۆچکەکەیان بردم دایکم هێشتاخەریکی تێکـــردنی قاپە چێشتەکان بوو، میوانمان هەبوو ماڵمان جمەی دەهاتو منالەکانی ماڵە پورم کە لە شارۆچکەیەکی دوورترەوە هاتبوون بە دیـــار تەلەفزیۆنەکەوە خەریکی ئەتاری کردن بوون پێدەکەنینو سفرە ڕازێندرابوویەوە، من ئەو کاتە لــــە ئامادەیی بووم، ( بەرەی ڕۆژئاوا ئارامە) و (دەمێ مەرگ دەمێ خۆشەویستی ) (ماریا ریمارک) م خوێندبوویەوە، هەر بۆیە نەفرەتم لە هەموو جەنگێک دەکرد لە ناخەوە دژی هەموو جۆرە شەڕێک بووم، لە قوتابخانەش کە لە وانەی مامۆستا دەستەلاَت دارەکەدا دژی شەڕ وەستامەوە بە هەرەشە لێکـــردنێکەوە وتی بە هیوام ئەم بیرانە لەو دنیا یارمەتیت بدات، ڕاستییەکەی من نەترسام چوونکـــە هەڕشەکـــەیم زۆر بە جیدیەوە وەرنەگرت نەک هەر ئەوەندەش بەڵکو لە دووکانی کۆلاَنەکەی خۆماندا درۆکانی شەڕم بۆ کۆمەڵی گەنج ڕوون دەکردەوەو باسم لــە بێهودەیی ئەم مەرگە دەکرد کە لە پێناوی سەرخستنی ئەم نەتەوەیە بەسەر ئەو نەتەوەو سەرخستنی ئەم حیزب بەسەر ئەو حیزبەداو سەر خستنی ئەم سەرۆک بەسەر ئەو سەرۆک دا ئەنجام دەدرێت. لە ماڵدا کاتێک گاڵتەم بە بەیانە سەربازییەکان دەکرد کە لە شاشەی تەلفزیۆنەکەوە دەخوێندرایەوە دایکم ترس دای دەگرتو دەیووت کوڕم ئەم قسانە لە دەرەوە مەکە، منیش لەبەر دڵی ئەو دەمگووت نا. ئەو نیوەڕۆیەش کە چەکدارەکان خۆیان کرد بە ماڵدا دایکم نەیدەزانی چی بووەو دایە پرمەی گریان، کە منیشی بە قۆڵ بەستراوی بینی کاتێک سواری جێبەکەی دەزگای ئاسایشیان کردم دواین ئاوڕم لێ دایەوە. وە ئیدی بۆ ئەبەد لەنـــاو تەنهاییو حوزنو خەفەتدا بە جێم هێشت، کە دوای مەرگی من ژیانی ئەویشی دەکوشت. بەفر دەبـــاریو کزەبایەکی ساردیش دەیدا بە ڕوومەتمدا من لەوە دڵنیا بووم کە بۆ مەرگ دەمبەن هەروەها لەوەش دڵنیا بووم کــــە هەزارانی وەکو منیان بەو شێوەیە کوشتووە. ئەو کاتەش کە میلی تفەنگەکانیان ڕاکێشا من بە تەنها بیری دایکم دەکرد، کە فیشەکەکانیش وەکو کاری ئاساییان تفەنگـــەکانیان بەجێهێشتو یەکە یەکە بە کەلەو ڕوومەتو سنگمیاندا دەکێشامەرگی خۆمم دەبینی، من لەوە دڵنیا بووم کە مردووم بەلاَم تاوەکو ئێستاش کە ساڵانێکی زۆرە لەم گۆڕە تەنگەدام

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەوەم بۆ ڕوون نەبووەتەوە كە ئایا بەڕاست چ نەتەوەیەك یان حزبێك یان سەركردەیەك بە مەرگی من سەركەوت!!

لە گۆڤاری (ئاینده)ی ژمارە (٥٦)دا بڵاوكراوەتەوە زستانی/٢٠٠٤ دربندیخان

## مردنێك لەودیو پەنجەرەكەوە.

باوكم لەپەنجەرەكەوە پارچە پارچەی كردمو فڕێیدامە خوارەوە.

ئەو شەوە زستانێكی سارد بوو، لەبەر سەرما تەنانەت گەڵاَی درەختەكانیش بە دەرەوە نەبوون، شەقامەكەش لە چۆڵیدا بۆنی یادەوەری زەمەنێكی دوور تری لێدەهات. من

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نەمدەزانی باوکم لەبەرچی بەوشێوە ترسناکە پارچە پارچەی کردم، نەک هەر ئەو کاتە بەڵکو ئێستاش لەو نهێنییە تێنەگەیشتم کە باوکم بۆچی کاتێک منی لە پەنجەرەکەوە فڕێ دایە خوارەوە بەختەوەر بوو. ڕاستە ئەو کات من بارێکی قورس بووم بە سەرشانی ئەوەوە، بەلاَم ئەوەش نەدەبوو بەو بیانوەی ئەو کە بەو شێوە غەمگینە من بکوژێت. کوشتنی من هاوڕێکانیشمی بێتاقەت کرد، لەبیرمە بەیانیەکەی هەرچەندە دنیاش بەستبووی بەلاَم هاوڕێکانم هاتنە سەر لاشەکەم کە هەر بەشێکی لەلایەک کەوتبوو، هەندێک فرمێسکیان بۆ باراندمو بە چاویشیان دا زانیم کە ئەو شەوە پاش ئەوەی کە گوێیان لە هاوار هاواری من بووە تابەیانی نەخەوتوون، بەلاَم لەبەر سەرما کوشندەکە نەیان توانی بوو بێنە سەرمو بەم شێوەیەی ئێستا پارچەکانم کۆکەنەوەو لە مۆزەخانەی خەیاڵی خۆیان دا بە ناتەواویو سەقەتی هەڵم بگرن. من کە هەموو جار هاوڕێکانم بە کوڕە گێژەکە بانگیان دەکردم بە قسەی خۆیان کوڕێکی گێژو وێژ بووم، لە هەموو ئەمانەش ناخۆشتر لای خۆم شەرمنیە قوڵەکەم بوو.

باوکم کە هەموو جار تێر جوێنی بە دایکم دەداو دەیووت کوڕە حۆلەکەت لە تۆ دەکات، دایکیشم کە هەموو جار لە ژێر شەقەکانی باوکم دا دەپلیشایەوە هیچی نەدەووتو دەستێکی بە سەری من دا دەهێنا.

من لە هیچ بێزار نەبووم تەنها لە قسە سووکەکانی باوکم نەبێت کە هەموو جار بە دایکمی دەووت، من گێژ بووم، ڕاستر بە قسەی ئەوان من گێژ بووم ئەگیناخۆم بۆ خۆم ئەو هەستەی ئەوانم نەبوو.

کە دەڵێم (ئەوان) مەبەستم لە دایکم نیە، چونکە دایکم تاقە کەسێک بوو کە هەموو جار لە گریانەکانی خۆیدا پێی دەووتم کوڕم تۆ دڵێکی جیاواز ترت هەیە لە ئەوان. دایکم ڕاستی دەکرد، دڵی من جیاواز بوو.

لە کۆلاَن هاوڕێکانم هەموویان خەریکی یاری دەبوون، من بەتەنها لەم سەری سەرەوە دادەنیشتمو سەیری ئەو تۆپە گوناهەم دەکرد کە چۆن دەیەها کەس شەقی تێهەڵدەدەن، کە قسەش دەکرا من هیچم نەدەووت یان ڕاستر نەیان دەهێلاَ هیچ بڵێم چونکە هەر چیەکم بووتایە یەکسەر ئەیانکێشا بەدەمم داو، دەیان وت قسە مەکە حۆل. باوکیشم کە لەم دنیا فراوانەدا بە تەنها منی خستبوویەوە کاتێک لەسەر نان خواردن شتێکم دەگێڕایەوە بە گاڵتە پێکردنێکەوە دەیوت وەلاَ بابە تەواومان کرد تۆش دەزانی باسی شت بکەی، ئیدی کەوای دەووت من خواردنەکەم لێدەبوو بە ژەهری مار.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

من ئێستاو ئەوساش بەڕاستی نەمزانی من گێلم یان ئەوان .

بەلاَم ئەوەندەم دەزانی کە دایکم دەیگوت دڵ تەنگ مەبە کوڕم ئەم قسانەی تۆ دەیکەیت لە قسەی ئەو کەسانە دەکات کە دەزانن دنیا مانای چی.! دایکم ڕاستی دەکرد، من بە قووڵی لەوە گەیشتبووم دنیا یانی چی.

شەوەهای شەو من بە تەنیا دانیشتومو گریاوم، لە ژێر جێگاو لە دەرەوەی جێگا، شەوەهای شەو من بیرم لە حوزنێک دەکردەوە کە زۆربەی زۆری مرۆڤە سادەکان بیریان لێنەدەکردەوە، حوزنی ژیانو مردن، حوزنی تێپەڕینی ساتە خۆشو ناخۆشەکان. هاوڕێکانم هەرچەندە هەندێک ئینسافانە تر بوون لە باوکم، بەلاَم شوێن دەستەکانی ئەوانیش لە ڕۆحی من دا کەم نەبوو. ئەوان کە هەر جارەی یەکێکیان قسەی سووکی پێ دەووتم ئەو شتەیان لە باوکم باشتر بوو کە هەرچەند ساتێک دوای ئەوە دەستیان دەکردە ملمو ئاشتیان دەکردمەوە.

بەڵام باوکم ساڵەهای ساڵ بۆ یەک جاریش چییە دەستی نەخستە سەر شانم.

من لە ڕۆحەوە خەریک بوو دەمردم، بە دەستی خۆم نەبوو، درۆکانی ئەوانم پێ قبوڵ نەدەکرا، خۆشیە ساتیەکانی ئەوانیشم پێ ڕەفز بوو، لێوان لێو بووم لە بیرکردنەوەو تێڕامان، من گاڵتەم بە پێکەنینەکانی ئەوان دەهات، گاڵتەشم بەو دانیشتنانەیان دەهات کە چەندین کاتژمێر تەنها باسی یەک مەسەلەیان دەکرد.

هەر چیم دەکرد نەدەکرا من وەک باوکم دەرچم، نەدەکرا وەک ئەو سڵاو بکەم، پێبکەنم، هاوڕێ هەڵبژێرم، هەمان ئاوازی قسەکانی ئەو دووبارە بکەمەوە.

لە دڵەوە حەزم دەکرد ئەوەم پێبڵێن کە کەسێکی گێژو حۆلم  بەڵام ڕازیی نەدەبووم بە ئاقڵم دابنێنو درۆ بەردەوامەکانی ژیانی ئەوان بکەم .

من کەسم خۆش نەدەویست تەنها دایکم نەبێت.

دایکیشم ئەو شەوەی باوکم هاتە ژوورەکەوە پارچە پارچەی کردم زەمەنێکی زۆر لە مێژ بوو تەنها لە نێو بیرەوەریەکانما دەژیا، ئەو بیرەوەریانەی کە تەنها لەو ژوورەدا لەگەڵیا دەژیام کە هەر یەکسەر دوای مردنی دایکم تێی ڕۆشتمو دەرگای تەنهایم لەسەر خۆم داخست.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هاوڕێکانیشم یەکە یەکە گەورەبوونو هەندێکیان ئێرەیان بەجهێشتو هەندێکی تریان ژنیان هێناو ئەو کەسانەشیان کە پارچەکانی منیان کۆکردەوە بە ڕوونی نازانم چیدەکەن. من بە درێژی ئەو هەموو ساڵەی ژیام بە کچێکم نەوت خۆشم دەوێیت، لە ڕاستیشدا کەس منی خۆش نەدەویست، هەرکەسێکم خۆش بویستایە بشمردایە لە ڕووم نەدەهات پێی بڵێم. ئەو جارەش کە لای هاوڕێیەکم وتم وا هەست ئەکەم کچێک خەیاڵمی داگیرکردوە، هاوڕێکەم بە سوکایەتیەکەوە وتی تۆو خۆشەویستی کوجا مەرحەبا، ئیدی بۆ ئەبەد لە خۆشەویستیش پەشیمان بوومەوە .

باوکم هەرگیز منی خۆش نەویست، منیش ئەوەی ڕاستی بێت بە گومانم لە خۆشەویستی خۆم بۆ ئەو، هیچ کاتێکیش نە ئەو وا هەستی کردوە من خۆشم دەویَ، نە ئەویش بچوکترین سۆزی نواندوە بەرامبەر بە من.

لە دڵەوە زۆربەی جارەکان بیَ تاقەت دەبوم، لەو ژوورە تەنیایەی کە تەنها بیرەوەریەکانی دایکمی تیادا دەژیا پڕ بە دڵ دەگریام کە لە چ تەنهاییەکی کوشندەدا دەژیم.

هاوڕێکانیشم کەسیان نەهاتن بۆ لامو هەواڵێکم بپرسن، منیش هێندە حەزم بە چارەی کەسیان نەدەکرد، ناحەقیشم نەبوو چونکە خۆم بە مرۆڤێکی پەراوێزکراو دەهاتە بەرچاو. لەو دوورەوە دەگریامو بیرم لە بێهودەیی ژیان دەکردەوە، زۆربەی زۆری جارەکان من کۆتایی هەموو مەسەلەیەکم دەبینی نەک سەرەتاکەی، بەڵام کێشەی سەرەکیم ئەوە بوو کەس لەوە تێنەدەگەشت کە من باس لە چی دەکەم.

دایکم کە ئێستا لە بیرەوەرییەکی دوور دورما دەژی سەری دەخستمە کۆشی خۆیەوەو دەیووت ئەم باوکەی تۆ دەیەوێت بۆ هەزار ساڵی تر بژی.

ئەوکاتە من لەو قسەیە نەدەگەیشتم، بەڵام کە شەوەهای شەو دوای ئەوە لە ژوورە تەنیایەکەدا بیرم لێدەکردەوە مانای قووڵی ئەو قسانەم بۆ دەردەکەوت کە دایکم لە شەوێکی زستاناوی سارددا لەبەر سۆپا گەرمەکە بۆی دەکردم.

من نەمدەزانی بۆچی بووبووم بە بار بەسەر پشتی باوکمەوە، دڵنیام ئەویش بە تەواوی نەیدەزانی، بەڵام ئەوەندە حاڵی بووبوو کە ئیدی بوونی من لەو ماڵەدا زیادەیە، نەک هەر لە ماڵ بەڵکو لە خەیاڵو بیرەوەرییەکانیشیا کە هیچ سۆزیَکی تێدانەبووە. ئەو شەوەی باوکم پارچە پارچەی کردمو کوشتمی من لە ژوورەوە زۆرم سەرما بوو، تەمەنێکی وەهام نەکردبوو کە بچوکترین دڵی پیَ خۆش بکەم، ئەو شەوە دەمویست ئیدی بمرمو ئەو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەموو خەفەتو بیرەوەریە تاڵو خۆشانە نەمکوژێت. خۆم ڕووت کردەوەو لەو ژوورە ساردەدا کە سۆپاکەم هەر لە ئێوارەوە کوژاندبوویەوە لەسەر دۆشەکێک کە بۆنی منالی لێدەهات دانیشتم. ئامادە بووم بۆ مردن، کە باوکیشم بە شەق قاپییەکەی شکاندو بە چەقۆ گەورەکەی بێ ڕەحمیەوە خۆی کرد بە ژوورەکەی ناو ڕۆحما، من زەمەنێکی زۆر بوو لە خەیاڵەکانی ئەودا پارچە پارچە کرابومو لە پەنجەرەکەی دڵییەوە فڕێ درابوومەوە خـــوارەوە.

*لەژمارە(٤٩)گوڤاری(ئاینده)دا بڵاوبوەتەوە بەهاری٢٠٠٣/ دربندیخان*

هەناسە قووڵەکانی مارگـرێتا.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئاهـ ... باوکە تۆ لە کوێ بوویت ... ؟

باوکە گیان لە کوێ بویت ئەو کاتانەی من پێویستیم بە تۆ هەبوو بۆ ئەوەی لەو تەنیاییە دەرت هێنابام... لە کوێ بوویت ... ئەو کاتەی ڕۆحم تا دەهات بچوکتر دەبوویەوە... دڵم تا دەهات زیاتر دەگوشر... لە چاوە میهرەبانەکانی خۆت دا جێم بکەوە ...لە دڵە پڕ بۆنەکەی خۆت دا جێگایەکم بە بەردەوامی بدەرێ... ئەو دڵەی بەردەوام بۆنی خۆشەویستی لێدەهات... من کچەکەی خۆت باوکە گیان... کچە تاقانەکەت... ئەو کچەی هەموو جار بە منالّی شتت بۆ دەهێنامو دواجاریش بە ماچێکی گەرمی خۆت خۆشەویستییە بەردەوامەکانی خۆتت پێ دەبەخشیم... ئەو کچەی هەموو جار بە منالّی لەسەر پشتت یاری منالّو ئەسپەکەمان دەکرد ... تۆ خۆت دەکرد بە ئەسپەکەو منیش لەسەر پشتت دادەنیشتم ...

هەموو جار دەت خستمە سەر ملتو بەدەنگە نزمەکەت لە ژێرەوە گۆرانیت بۆ دەووتم ... گوێت لە هەناسەکانمە باوکە چۆن چۆنی دێتو دەڕوات ..گوێت لە دەنگمە باوکە چۆن چۆن بە کزۆڵەییو سەر شۆڕی دەیبیستیت..." شەوان لە حەوشەکەدا دادەنیشت ... هەموو جار منی لە پاڵ خۆیدا دادەنا ... دەیووت شکور بۆ خوا کچەکەم گەورە بووە ... هەروەها لە بیرمە دەیووت تۆ بڵێی فریای ئەوە بکەوم لە زەماوەندەکەیدا خەڵک پۆل پۆل بێن بۆ لامو پیرۆزبایی ئەوەم لێبکەن کە چ شا کچێکم داوە بە شوو ... "

" شەوانی هاوین کاتێک کە منداڵ بووم لە سەربان دەخەوتین ... من وازم لێ نەدەهێناو دەستم بە گریان دەکردو دەمووت من لە باوەشی بابەدا دەخەومو ئەویش بە میهرێکەوە دەیخستمە پاڵ جێگاکەی خۆیو تا درەنگانێک ئەو کاتانەی من خەو دەیبردمەوە قسەی خۆشی بۆ دەگێڕامەوە ... "

باوکە گیان ئەو شەوانە چەند خۆش بوون ... وەک ئەم شەوانەی ئێستا نەبوون ... ئەم شەوانەی کە درێژاییان هەر نابڕێتەوە ... ئەم شەوانەی کە تاریکاییان هێندەی تر دنیا داگیر دەکەن ... ئەو شەوانەی ڕابردوو هەمووان بووین ... ژیانێکی چ دڵسافانە دەژیاین ... ژیانێک پڕ بوو لە خۆشەویستیو سادەیی ... تۆ لە کوێیت لەو دیو زەمەنەوەیت یان لە خانەکانی مێشکی مندا ... چەند فرسەخ دووریت ... لە دڵی مندایت یان لە ماڵە تاریکەکانی زەویدا ... گوێت لێمە باوکە ... گوێت لە هەناسە قوڵەکانمە باوکە ... لە گۆڕەکەت هەڵسەرەوەو وەکو جاران گوێ بۆ قسەکانم ڕاگرە ... لەو هەموو خەڵکە تەنها تۆم هەیە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

گوێم بۆ ڕابگری ... تەنهایی چەند سامناکە باوکە ... دڵنیام کە گوێت لەم قسانەم دەبێت چاوەکانت پڕ دەبن لە فرمێسکو بە هەردوو دەست وەک ئەو جارانەی تورە دەبوویت قژی خۆت دەرنییەوە ... پڕ بە گەرووت هاوار دەکەیتو دەنگیشت لە ڕۆحی خۆت زیاتر کەسی دی نایبیستێت دڵنیام دەگریت ... وەک چۆن ئەو جارانەی دەگریایتو منیش لەگەڵتا دەستم دەکرد بەگریانو ئیدی تۆ منیشت ژێر دەکردەوەو خۆشت ژێر دەبوویتەوە ... بگری بگری باوکە ... منیش دەگریمو با تا ئەبەد بگرین ... باوکە تەنها گریانە ئەم ئازارە قووڵەی ناو ڕۆحمان دەکوژێت ... ئەو ئازارەی کە بەردەوامو بۆ ئەبەد بە ناومانەوە لکاوە ...

باوکە گیان .. تۆ لە کوێیت ...

بریا هەردووکمان بەیەکەوە بمردینایەو منت بۆ ئەم دۆزەخە جێ نەهێشتبایە ... گەر لەو ساتەی تۆدا منیش بمردبایەم و ئەم هەموو ئازارەو ناخۆشیو مەرگەم نەدیبایە ئێستا بەیەکەوەو بە ئاسودەیی لە گۆڕەکانی خۆماندا ڕادەکشاینو هیچ خەبەرێکمان لەم مردنی ژیانە نەبوو ... ئەزانی بۆ ؟ چونکە یەکێک نەدەهاتە ناو ڕۆحتەوە وەکو چۆن ئێستا من لەگەڵتا ئەدوێم ئاوەها بەو شێوەیە لەگەڵتا بدوایە ... دڵنیام باوکە دوای بیستنی ئەم قسانەم هەست بەگوناە دەکەیت ... پەشیمانی ڕۆحتی داگیرکردووە نەفرەت لەو ئافرەتە دەکەیت کە بۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆشت ویستووەو لەو لەزەتەش هەرگیز نابوری کە لە شەوێکدا لەگەڵیدا خەوتویتو ئەو کوڕەت لێ بوو کە بۆ دواین جار هەرچیت بینا کردبوو ڕوخاندی ...

دایکە گیان ... من کچە تاقانەکەی خۆت ... کچە بێ کەسەکەی خۆت ... ئەو کچەی لە ڕەحمی تۆ هاتمە دەرێو بە ڕەحمی تۆشەوە گەورە بووم، من خۆشەویستەکەتو منداڵە نازدارەکەت....... ئەو خۆشەویستو منداڵەی بەردەوام لە باوەشت دەکردمو بەردەوام نەتدەهێشت بۆ جارێکیش برسی بمو بە مەمکەکانت دەمت پڕ دەکردم لە شیر ... ئەو خۆشەویستەی جلی تازەت بۆ دەکڕیمو هەموو جار قژت بۆ شانە دەکردم " بەیانیانی ساردی زستان لە خەو هەلی دەساندمو نانو چای دەداپێمو بە ماچێکی گەرمەوە کە لەو بەیانیە سارده دا دەرروونی ئارام دەکردمەوە ڕەوانەی قوتابخانەی دەکردم ... "

" لەشەوە درێژەکانی زستانیش دا درەنگانێک بەتانیەکەی دەدا بەسەرمداو من خەوتبووم کە ئەو بە ماچی لێوە ناسکەکانی خۆشەویستی بۆ هەزارەمین جار بۆم دەردەبڕی ... "

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئاه ... دایکە گوناهبارەکەم ... چ زوو ئاوا دڵت گۆڕاو ... چ زوو ئاوا خۆشەویستیت وشکی کرد ...

چۆن چۆنی دڵت هات ئەوەم بەسەر بێنیو ئیدی ئەو تاڵی خۆشەویستیو ڕەحمە بۆ ئەبەد بپچڕێنی کە لە نێوانی منی کچو تۆی دایکدا هەبوو ... دایکە دڵڕەقەکەم ... چۆن ئەو دڵەت گۆڕا پێم بڵێ ... جاران ئەگەر چەند چرکەیەک لەبەر چاوتا ونبوومایە شێتو هار دەبوویتو دەکەوتیتە پرسیار کردنم ... پێت دەووتم کچەکەم هەرگیز لەگەڵ کوڕاندا یاری نەکەیتو بە تەنیا نەمێنیتەوە ... بگری ... دایکە .. بگری .. بۆ هەموومان بگری .. بۆ خۆت بگری ... بۆ تاڵە سپیەکانی سەرت بگری کە نەفرەتت لێدەکەن ... بۆ تەمەنی بە با چووی خۆت بگری .. بۆ تەمەنی بە با چووی من.. دایکە دڵڕەقەکەم .. دە پێم بڵێ چۆن چۆنی دڵت هات ... "شەوێکی باراناوی بوو .. خەڵکی هەموو خزا بوونەوە ماڵەکانی خۆیانەوە ... هەوایەکی سارد لەگەڵ بارانەکەدا دەهات ... هەوایەک خۆی دەکرد بە هەموو ماڵەکاندا ... لە ژێر دەرگاکەوە ... لە درزە بچوکەکانی پەنجەرەکەوە .. تەنانەت لە ناو دیوارەکەشەوە ... منو دایکم لە ماڵەوە بووین .. کاکم لە بازاڕ بوو ... دایکم لە بەردەمی سۆپاکەدا هێندەی تر تەنیا دەینواند ... منیش لە بەردەمی تەلەفزوێنەکەدا دانیشتبووم ... هەستم بە سەرما دەکرد ...

سەرمایەکی کوشندە ... نەمدەزانی چیە ... خودایە دڵم هێند بە خێرای لێیدەدا ... بێدەنگییەکی سەیر ژورەکەی داگیر کردبوو، تەنها ئەوەی بە کزی دەنگی دەهات کچی ناو تەلەفزوێنەکە بوو ...دایکم دەستی کرد بە سیگار پێچانەوە یەکێکی داگیر ساندو هێندەی تر لەبەر سۆپاکەدا تەنیا تر دەینواند ... مژە قوڵە یەک لە دوا یەکەکانی چ حەسرەتێکیان لە دڵ دەباراند ... دووکەڵی جگەرەکە بە ژوورەکەدا پەخش دەبوویەوەو تەنهاییو بێکەسیی منی دەنووسی ...لە ژێر سەرپۆشە سپییەکەی سەرییەوە بەدزییەوە نیگای سەیر سەیری تێدەگرتم ...خودایە ئەوە چ جۆرە سەیرکردنێک بوو .. من هەرگیز ڕووخساری دایکم بەو شێوە سامناکە نەدیبوو...هەرگیزاو هەرگیزیش بەو تەنیاییە نەمدیبوو ...چ بکەم نەمدەزانی.. بیرەکان هێندەی تر ئازاریان بە مێشکم دەبەخشی .. ڕۆژانی پێشتر هەستم بە چپە چپی نێوان کاکمو دایکم کردبوو .. هەستم کردبوو پاش ئەوەی کە تەڵاق درام شێوەو قسەو ڕەفتاریان لەگەڵما گۆڕاوەو زۆربەی جار کە دەڕۆم بەسەریان دا قسەکانیان کۆتایی پێ دێنو دەیبڕنەوە.

سەرم پتر قورستر دەبوو ...دڵم زیاتر دەگوشرا ...بێدەنگی هێندەی تر ئازاری دەدام ... لە دەرەوە هەوایەکی سارد دەهات...

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لەدەرەوە بارانێکی بە خوڕ دەباریو دەنگی تێکەڵ بە بێدەنگیی دنیا دەبوو ...خودایە چ حەزم دەکرد لەبەر ئەو بارانەدا بوومایە لە دەرەوەو بۆ ئەبەد ئەم ژوورە نەفرەتیەم نەدیبایە ...ئەو ژوورەی مەوداکانی دڵتەنگی درێژتر دەکەنەوە ... لە پڕ لە دەرگا درا .. ڕۆشتم کردمەوە کاکمو سێ کەسی تر بوون من پێشتر هیچ یەکێکم لەوان نەدیبوو، فەرمووی لێکردنو ئەوانیش بە چاوێکی فێڵاویەوە سەیرێکیان کردمو ئیدی لێدانە خێراکانی دڵی من تا دەهات زیاتری دەکرد. ئەوان لە ژووری تەلەفزیۆنەکەدا دانیشتنو منیش لە مەتبەخەکەدا لەسەر زەوییە ساردەکە دانیشتم. لە دڵی خۆم دا دەمپرسی ئەم میوانانە کێن؟ ئەو سەیرکردنە حەز ئامێزەیان لە چی بوو؟ ژوورەکە ساردتر دەبوو ... دنیا تا دەهات ساردتر ...ڕۆحی منیش بۆ هەمیشە ساردتر. کاکم خۆی کرد بە مەتبەخەکەداو دایکمی لای ئەوان بەجێهێشت.

دایکم بە بێدەنگی لە بەردەمی سۆپاکەدا دانیشتبوو... دایکم چەند تەنهاتر دەینواند.. دڵم چەند بە خێرای لێی دەدا.. هاتەپاڵم و دانیشت .. هەناسەکانم تا دەهات تەنگتر دەبوو ... کەوتە قسەی خۆش بۆم .. وتی خۆت دەزانی ژیانمان چۆنەو لە چ تەنگانەیەک دا دەژین منیش چ بێ ئیشیەک ڕووی تێکردووم .. ئەوە چ دەڵێ خودایە ... داوای چیم لێدەکات .. جا بۆیە ئەم میوانانەم هاتوونو دەیانەوێت هەر ئەم شەو لایان بمێنیتەوە من خۆم دەتنێرمو خەمی دایکیشمت نەبێت ڕازییە ... چ نیە شەوێکەو بەس ... زۆر لایان نامێنیتەوەو بە سەلامەتی دەگەڕێیتەوە ... گریام ... خودایە چەند گریام .. دنیا تا دەهات ساردتر دەبوو .. دنیا تا دەهات تاریک تر دەبوو .. هێندەی تر تاریک تر .. چەند قسەی کرد .. چەند دڵی دامەوە .. هەر گریام ... ڕازیی نەبووم .. چەقۆیەکی لە ملم ئاڵاندو توند قژی گرتم .. چەند گریام سوودی نەبوو ... دایکیشم لەو دیو، لە بەردەمی سۆپاکەدا هێندەی تر تەنها تر دەینواندو ... لە دەرەوە تارماییت دەبینم .. لە دەرەوە ڕۆحت دەبینم .. تووڕەیت .. وەکو جاران تووڕەیت .. دڵت زۆر تەنگە .. باوکە، سەری خۆت ئەکێشی بە خۆڵەکەی سەر سەرتا .. چەند تەنهام باوکە .. دەگریم .. دەگریمو تەنها تۆش لە گریانم ئاگاداریت .. بگری .. دەگریم .. باوکە .. با هەردووکمان بگرین .. وەک چۆن جاران بەیەکەوە دەگریاین ...

تۆ لەکوێیت.؟ برا نازدارەکەم .. برا شیرینەکەم .. کاکە بەڕێزەکەم .. منو تۆ چ دووانەیەکی خۆشەویست بووین .. چ دووانەیەکی نازدار بووین .. من خوشکە بچووکە چاو سەوزە جوانەکەی خۆت .. ئەو خوشکەی زۆربەی زۆری تەمەنی مناڵیت لەگەڵیدا بەسەر برد .. چەندەها جار بەیەکەوە یاری خۆشمان دەکردو بەیەکەوە حیکایەتی خۆشمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، لەو حیکایەتانەی پڕ بوو لە کچو کوڕێک، خوشکو برایەک هەبوو "بە یەکەوە شەڕە ئاومان دەکرد ... هەردووکمان گیانمان دەبوو بە ئاو ..

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پێدەکەنین... دایکیشم لە دوورەوە بانگی دەکرد مناڵینە وامەکەن .. بۆ ئەوەندە هارن ئەو ئاوە بە خەسار ئەدەن .. نیوەڕوانی گەرمی هاوین نەدەخەوتین .. لە حەوشەکەدا بەیەکەوە یاری خەت خەتێنمان دەکردو هەموو جار من لێم دەبردەوەو ئەویش خۆی تورە دەکرد .."

ئاە ... برا خائینەکەم .. برا زۆڵەکەم ..

چ تاوانێکت پێکردمو چ تاوانێکیشت کرد ... ئەی بیرت چوو من خوشکە نازدارەکەی خۆت بووم .. چۆن زاتی ئەوەت کرد پەنجەی زبری پیاوانێک بەر سینەم بکەون کە نەدەبوو من بیانناسم ... چۆن دڵت هات خوشکە جوانو ناسکەکەت لە ژێر سمێڵی ئەو پیاوانەدا ببینیت کە بەردەوام سمێڵیان فش دەکەنو ورگیان پڕدەکەن ... باوکە دەتبینم خەریکە شێتو هار دەبیت ...

سەیرکە .. چۆن کورە شیرینەکەی خۆت بەو دەستانەی منی بەخشیو تۆشی لە گۆڕەکەدا بۆ ئەبەد نائارام کرد ..

( خۆی بەو دەستانەی خۆی پیاوم بۆ دەخاتە ژوورەوەو لە دەرەوەیش دواتر گیرفانەکانی خۆی پڕدەکات .. تەنها بۆ ئەوەی گیرفانەکانی پڕبن .. پڕ ..)

باوکە دەتبینم خەریکە شێتو هار دەبیت ..

چ تاریکەیەکە خودایە ..

دەتبینم جنێو دەدەی .. سەر دەکێشی بە خۆڵەکەی سەر سەرتا ..

تۆ لە کوێی ..؟

تاقانە براکەم بیرت چوو ئێمە کوڕو کچی یەک پیاوین ..!

"سواری ئۆتومبیلێکیان کردمو دایکو کاکم لە بەر دەرگای حەوشەکەدا وەستا بوونو منیش لە جامی دواوە سەیرم دەکردن، یەکێک لە میوانەکان لە ژێر ڕووناکی گڵۆپە کزەکەی بەر دەرگادا کە بارانەکە هێندەی تر کز تری دەکرد بینیم چۆن چۆنی هەندێک پارەی کردە گیرفانی براکەمەوەو ئیدی لە ژێر ئەو بارانەدا بە تەنهایی بەجێمان هێشتن...

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

یەکێکیان لە تەنیشتمەوە دانیشتو ئەوانی تریش لە پێشەوە .. بارانەکە تا دەهات زیاتر دەباری ...

بەکۆڵانە باریکەکانی شاردا بردمیانو ئەوان هەر پێدەکەنین ... نەمدەزانی بۆ کویێم دەبەن ... دڵم تا دەهات تەنگ تر دەبوو .. لە دوورەوە شار لە ژێر ئەو بارانە بەخوڕەدا لە ڕووناکییەکی کەم دەچوو لە ژێر دەریایەکی گەورە دا ...

دنیا تاریک تر دەبوو ... ئەوان هەرپێدەکەنین ... بە ماڵەوەیان وت بەیانی زوو بۆتان دەهێنینەوە دایکم لە بەردەمی سۆپاکەدا چ دیمەنێکی سامناکی هەبوو ... ئۆتۆمبیلەکە هەر دەڕۆیشت، ئەوەی تەنیشتم دەستێکی خستە سەر ملم و وتی چیە دڵت زۆر بێتاقەت دیارە، هیچم نەووت . هیچم پێ نەووترا .

ئەوەی پێشەوە وتی ئەم سێوە ببینن ڕێگا بە هەموو شتێک دەدەن بڕوات ... گوێم لێبوو ئەوەی پاڵیشی کە لێی دەخوڕی وتی کوڕینە سەیرکەن ئەمە چ بەرخێکە ئەو برا خوێڕییەی چۆن دڵی هات ... ئەوان پێدەکەنین .. ئەوەی تەنیشتم کەوتە ماچ کردنم .. من چ بکەم .. جا چیم لەدەست دەهات ... دڵم تا دەهات خێراتر لێی دەدا ... بە لێوە زبرەکانی کەوتە لێساندنەوەی لا ملم .. ئەوانی تر پێدەکەنینو قسەیان دەکرد ... نەمزانی چ دەڵێن ... بەڵام ئەوەندەم گوێ لێبوو کە شۆفێرەکە دەیووت شەوێکی تر هی خۆمانی ... با ئەم شەو بۆ ئەوان بیت .. ئەوی پاڵیشم دەیووت بخۆن گەوادینە بخۆن، ئەمە چۆن بەرخێکە ... ئەوەی تریش بە دەستێکی خەریک بوو خۆی دەکردەوەو بە ملچەی ماچەکانیشی گوێی کەڕ کردبووم دەیووت تۆ سەیریکە ئەمە چ سێوێکە ... ئیدی ئیشی خۆی کرد ... خودایە، چ بۆنێکی پیسی لێدەهات .. چ لەزەتێکی بۆگەنی دەرخوارد دەدام .. گەیشتینە شوێنێک پێدەچوو سنوری وڵاتێکی تر بێت، لە ئۆتۆمبیلەکە دایانگرتمو تەسلیمی چوار سەربازیان کردم کە مەحاڵ بوو لە زمانیان بگەم ...

چەند ئۆتۆمبیلێکی بار هەڵگر وەستابوون چاوەڕێی ئاودیو بوونیان دەکرد .

چاوم لێ بوو پاش ئەوەی کە من تەسلیم کرام چۆن ئۆتۆمبیلە بار هەڵگرەکان ئاودیو بوونو سەربازەکان لە ناو خویان دا پێدەکەنین .. شەوێکی زۆر درەنگ بوو .. شەوێکی باراناوی سارد بوو ... ژوورێکی زۆر بچووک .. مێزێکی خڕ دانرابوو کە بەسەریەوە دەیەها جۆری خواردنەوەی لەسەر بوو ... سۆپایەکی دار ژوورەکەی گەرم کردبوو .. چوار ئەفسەر خەریکی خواردنەوە بوون .. پێدەکەنین .. گۆرانیان دەووت ... چەپڵەیان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لێدەدا ... یەکێکیان جلەکانی لەبەرم داکەندو ئەوانیش بە مەستی یەکە یەکە قایشی پانتۆڵەکانیان کردەوەو خۆیانیان بەسەر دا دام ..."

دڵم چەند تەنگە خودایە ...ڕۆحم چەند بچووکە خودایە ... لە دوورەوە دەنگت دەبیستم ... لە دوورەوە هەستت پێدەکەم ...

وەکو جاران لە باوەشی خۆتا دەم خەوێنیو لە ژێر لێوەوە گۆرانی خۆشم بۆ دەڵێیت ... لە دوورەوە چەند تەنهایت ... لە دوورەوە چەند تەنهام ... بیرت دەکەم .. تۆ لە کوێی .. چەند فرسەخ دووریت .. لە دڵی من دایت یان لە ماڵە تاریکەکانی خۆڵدا ..ئەم شەوانە چەند درێژن .. ئەم تاریکیە چەند بەرینە ... ئەم تەنهایە چ گەورەیە ... بیرت دەکەم باوکە .. چەن پێویستیم بە قسەی خۆش هەیە .. بیری قسە خۆشەکانت دەکەم .. چ پێویستیم بە پێکەنین هەیە ... بیری پێکەنینەکانت دەکەم ... چەند پێویستیم بە گریان هەیە باوکە ... بیری گریانەکانت دەکەم ...

بگری .... دەگریم....با بباریَ فرمێسک ... با لافاوی فرمێسک بمان بات ... چ زوو ئاوابوویت ... چ زوو سەفەرت کرد باوکە ... گوێت لە هەناسەکانمە باوکە چ بە خێرای دێنو دەڕۆن ...

گوێت لە هەناسە قوڵەکانمە باوکە ......

گوێت لە دڵمە باوکە چ مۆسیقایەکی غەمگین بەرهەم دەهێنێت ...

تۆ لە کوێیت ...باوکە ...؟؟

*لەژمارە (١) گۆڤاری (چیرۆکنما) لە هەولێر بڵاوبوەتەوە هاوینو زستانی دربندیخان/هەولێر/٢٠٠١/٢٠٠٢

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## عەسری تەرمە زۆرەکان.

یەکە یەکەی تەرمەکانم هەڵدایەوە...

خۆیان بوون .. هەموو ئەوانەی بە بێدەنگی مردن ...

کاتێک گەڵابە سوورەکە هەموویانی لەسەر ئەو پارچە زەوییە بچووکە بەجێهێشت ... بە شێوەیەکی ئێجگار سەر سورهێنەر زۆر بوون... عەسرێکی درەنگ بوو کە شار هەواڵی هێنانەوەی تەرمەکانی پێگەیشت ... شار بەجۆرێک هەواڵەکەی بە ئاسایی وەرگرت جگە لە من هیچ کەسێکی دی ئامادەی ئەو مەراسیمە خەمناکە نەبوو... نەدەبوو منیش نەچم.

بەدیار گەڵابە سوورەکەوە وەستام تاوەکو تەرمەکان هەڵڕیژێت . سایەقە پیرەکە کە دەمو چاوی بۆنی مردووی لێ دەهات بە تورەییەکەوە کە بێزاری لێ دەباری لە جامی گەڵابەکەوە سەرێکی دەرهێناو پرسی: کوان، خەڵکی شار لە کوێن .. دەڵێی ئەمانە هەمووی زۆڵن وا کەس لێیان ناپرسێتەوە ... وتم خەڵکەکە.. هەموویان مردوون، ئەگەر یەکێکیش مابێت ئیدی تاقەتی وەرگرتنەوەی ئەم هەموو تەرمەی نیە ... لە باکوری شاردا زەوییەکی تەختانی هەبوو، ڕێگایەکی خۆڵ کە لە ڕێگایەکی سەرەکی قیر جیا دەبوویەوە دەیگەیاندی بە ئەوێ .. هەمویان .. تەرمەکان .. لەوێدا بوون ...

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

" که یەکەم فیشەک تەقێنرا، دایکمیان بۆ باوکم هێنا، دایکم هەموو جار بە من دەڵێت ئەو ساڵەی تۆ لە دایک بوویت ژیان سەرلەبەری گۆڕابوو، بەجۆرێکی وا  وڵات پڕ بوو لە مرۆڤی کوژراو .. مرۆڤی بێ سەرو بێ باڵو بێ قاچ ... تا زیاتریش گەورە دەبوویت فیشەکە تەقێنراوەکان زیاتر دنیایان داگیر دەکرد... ئێمە هەردووکمان منالی یەک گەڕەک بووین .. هاوڕێی گیانی بەگیانی یەکتری بووین .. یەک جۆر جلو بەرگمان هەبوو .. یەک جۆر یاریشمان دەکرد .. بە یەکەوە دەگەڕاینو زۆر جاریش بە یەکەوە لە ماڵی یەکتری نانمان دەخوارد .. کاتێکیش گەورە بوین .. ئاە، گەورەیی چ زوو بەرەو مردنت بردین..."

کە پێی دەووتم خۆشم ئەوێیت ... بارانەکە بە خوڕ دەباریو ئێمەش لەژێر چەترەکەداو لە ناو گۆڕەپانی کۆلێژەکەدا پیاسەمان دەکردو بە خەتێکی گەورە لەسەر دەفتەرەکەی بۆم دەنوسی .. ئەی یار ... خۆشم ئەوێیت ..."

شەڕی ناو خۆ دەستی پێکرد ... لە کۆڵانە هەژارەکەمانداو لەگەڵ کوڕانی تردا چەکمان وەرگرتو ڕووەو بەرەکانی شەڕ هاتین ... ئەو بەیانیەی کە ڕێکخراین لە بنکەی پێشمەرگەکان سەرو جووت پێڵاوو قاتێکی تازەو (٣٠٠) دیـناریان داپێمان .. ئاە .. ئەوە یەکەمین جار بوو پارەی زۆر بە خۆمەوە ببینم .. ئێوارە تا دەهات توند تر دەبوو .. بە ناو تەرمەکانا دەگەڕام ... وامدەزانی بۆنێکی ناخۆش لە جەستەیانەوە دێت ... پێدەچوو زەمەنێکی زۆر درێژ بێت مردبن .. ڕەنگیشە هەرگیز بۆنێکی ناخۆشیان لێوە نەهاتبێو ئەوە ترسو خەیاڵاتی خۆم بوو بێ درووستم کردبن ... لەسەر بەردێک دادەنیشتمو سەیری یەک بە یەکەیانم دەکرد ... دەستم دەکرد بە گریان ... بە جۆرێک بڕواناکەم پێشتر ئا بەو شێوەیە لە هیچ شوێنێکی تر دا گریابم ... ئێستاش من دوودڵ بووم لەوەی بۆ ئەوان دەگریم یان بۆ خۆم ... " دایکم کە ئێستا پیری پەلاماری دەدات .. هەموو فیشەکە تەقێنراوەکانی لەبیرە ..

لەژێر دار هەناری حەوشەکە بەیەکەوە دووای عیشایان لە ژێر تیشکی گڵۆپە سپیەکەدا دادەنیشینو پێم دەڵێت: کە سەیرێکی ڕابردوو دەکەمو ئەو هەموو پاشماوەی نائومێدییە دەبینم دڵم بـۆ تۆ دەسوتـێ .. هەرگیزاو هەرگیز ئەو شەوەم لە بیر ناچێت باوکت لـە سەر خواردنـی نانێکـــی زیادە تۆی بەو منالییەوە کردە دەرەوەو تا بەیانی لە دەرەوە خەوت لـــێ کەوت .." شەوەهای شەو پێکەوە بە کۆڵانەکاندا پیاسەمان دەکـــرد .. دەفتەرەکانـــی یادگاریمان شایەتە کە چەندەها بیرەوەری خۆشمان هەبـوە .. ئەی ئەو هەمـوو قسە خۆشانە چی بەسەر هات کە سەردەمانێکی درێژمان پێ بردە سەر .. ئەو هەموو خەیاڵە خۆش خۆشانەی هەمان بوو .. بەڵام ئاخ گەورەیـی .. چۆن یەکە یەکە هەموومانت لە یەکتری دابڕی .. "

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

"هەموو جار بە منی دەووت کەی مارەم دەکەیت .. کە دەمووت دوای کۆلێژ .. ماوەیەکی درێژ بوو ... سەدەیەکی نەهاتوو بوو .. ئێستاش ئەوە پێکەنینەکانێتــی بەسەر دەفتەرەکانمەوە ... ئەوەش شوێنەکەیەتــی بە خاڵێتــی لە یانەی کۆلێژ ... ئەو شوێنەی هەزارەها جار بەرامبەری یەکتری دانیشتوینو ملوێنەها بەڵێنــی پووچمان بە یەکتری داوە ... "

ئەو تەنهاییو بێدەنگییە هێندەی تر دەیگریاندم .. بە تەنها نەمدەزانــی چــی بکەم .. ئاخر شاردنەوەی ئەو هەموو تەرمە بە یەک کەس توانایەکــی زۆری دەوێ .. منیش نەک هەر ئەو توانایەم نەبــوو .. بەڵکو خەیاڵەکانیشم هێدی هێدی خەریک بوو دەیکووشتم .. بەناو هەموویاندا دەگەڕامو دنیاش هێدی هێدی تاریک تر دا دەهات ... بایە فێنکەکە خۆی دەکێشا بە دەمو چاومداو ترسێکــی زیاتری پێ دەبەخشیم ... دنیا دەگۆڕاو خەیاڵەکانیشم پارچە پارچەی دەکردم ..

" نیوەڕۆیەکــی زستان تازە لە خەو هەستابووم ... دایکم لێی پرسیم کــوڕم دەڕۆیت بــۆ بازاڕ ... بە بێتاقەتیەکەوە لەودیو دەرگای حەوشەکەوە وتم نا دایکە ... دەڕۆم بمرمو ئیدی دەرگای حەوشەکەم لە دوای خۆمەوە داخست ..."

" شەڕەکانمان زۆر کەمی دەخایاندو ئاشتیەکانمان ماوەیەکی زۆر درێژ ... بە یەکەوە سەیری کچانمان دەکردو گوێمان لە گۆرانی دەگرت .. لەسەر یەک ڕەحلەی قوتابخانە دادەنیشتینو سەعیی کردنیشمان هەر بەیەکەوە بــوو .. ئەو شەوەی دەیویست ئێرە جێ بهێڵێتو بڕوات بە بێتاقەتیەکەوە کە من بۆ ماڵئاواییەکی یەکجارەکی چوو بووم بۆ لای .. لە بەردەم دەرگای حەوشەکە پێی وتم دڵتەنگ مەبە دەڕۆم بەڵام هەردەم لەیادمای.!

ساڵەهای ساڵ نەک هەر یادی نەکردم، بەڵکو لە نامەیەکدا نووسـی: ئیدی منو تۆ تەواو ... تۆ بۆ خەونی خۆت بژیو منیش بۆ خۆم .. من ئەوڕپــیو تۆش کورد ...

" ئاە، پێش ئەوەی ئەو ڕەشەبایە لەو وڵاتە ساردو سڕەوە هەڵبکات ... ئەو جەللادە ئەو هەموو کەپری خۆشیە تێک بدات کە من چەندەها ساڵ بوو بنیاتم نابوو ... چەندەها وەرزی دوورو درێژ بە خەونەکانییەوە دەژیام ... بەڵێنمان بە یەک دابوو تا ئەبەد یەکترمان خۆش بوێ ... بەڵام کابرا هەندەرانیە گەورەکە کاتێک بــە جانتایەک پارەوە خۆی کرد بە خەونەکانیدا ... ئیدی ژیانی من تێکچوو ... ئەو بەیانییە زووە لــە کۆلێژ بێ هیچ قسەیەک دەستی گرتمو لــە ڕاڕەوەکەدا پێی وتم .. خۆشەویستی منو تۆ تەواو ... بە هیچ

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بیرەوەریەکیشم مەژی ... من دەڕۆم ... تێدەگەیت ڕۆیشتن مانای چی... ئیدی من لە ناو ئەو بیرەوەرییە درۆزنانەدا مردم کە ڕۆژانێک گۆرانیم بۆ دهووت "

" دووبارە شەڕ دەستی پێکردەوە ... من تەماحەکانم گەورەتر بوو .. بە پەلە خۆم کۆکردەوەو ئەمجارە بە هیوای سەروەتێکی زیاتر ڕووەو سەنگەرەکان هاتم ...

بەڵام ئاە ... پارە ... کە لە یەکەم هێرشدا بەشداریم کرد ... لە شوێنێکی پارێزراودا خۆم حەشاردا .. بەڵام لە بیرم نییە چ گوللەیەکی نەگریس پێکامیو نەمزانی چەند زەمەنێکە من مردووم ... من یەکە یەکەی تەرمەکانم هەڵدایەوە ...

عەسرێکی زۆر درەنگ بوو ... لە زەوییەکی تەختانیدا کە دەیڕوانی بەسەر شاردا ... ئا لەوێدا گەڵابە سوورەکە هەموویانی هەڵڕێژا ... سایەقە پیرەکە پێش ئەوەی بڕوات لە منی پرسی تۆ چی ئەوانـــی ... کاتێک قاچی لە بەنزینەکە گیر کردو منی بەتەنها لە ناو ئەو هەموو تەرمەدا بەجێهێشت ویستم پێی بڵێم ... ئەو دەمو چاوەیان زۆر غەریب نیە بە من ...ئەوەی تریشیان هەروەها ... ئەوەی تریش ... دڵنییام ڕۆژێک ئەمانەم هەموو بینیوە ... شەوێک لە خەونمدا هاوڕێی هەموویان بووم .. ڕەنگیشە نا ... هەر هاوڕێکانی خۆم بن ... ئەوەیان کە لەو سەری سەرەوە ڕاکشاوەو چاوەکانی نەنوقاندوە .. ڕەنگیشە شەوێکی بەهاری هێمن بەدەم پیاسەکردنەوە بە لای مندا ڕەت بووبێتو سڵاویشمان بۆ یەکتری نەکردبێ .. منالەکەیان...کە هێشتا بە تەواوەتی ڕەنگی منالێکی سادە دەدات دڵنیام زۆریش دڵنیام نیوەڕۆیەکی هاوین بە تەبەدۆرێک چلورەوە پێی وتبێتم .. چلورە ناکڕی ... ئەی ئەوەیان هێشتا هیچ خەونێکی نەهاتۆتە دی .. بێگومانم بەیانیەکی ساردی زستان لە ڕێگای قوتابخانەدا ئەوم بینیبێو سەرما دەستەکانی پێ خستبێتە پاڵتۆکەیەوە ...

هەموو ئەوانەم بینیوە .. لە خەونەکانمدا .. لە زستاندا .. لە هاویندا لە پایزێکی بێتاقەتیدا ....

لـە بەهارێکی هەمیشە سەوزدا ... من یەکە یەکەی تەرمەکانی ئەوانم هەڵدایەوە ..

وەک چۆن ئێستا ئێوەش یەکە یەکە تەرمەکانی ناو ڕۆحـی مـن هەڵئەدەنەوە ...

*لەژمارە(٤٦) گۆڤاری( ئا یندە)دا بڵاوبوەتەوە...پایزی /٢٠٠٢/ هەولێر

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## مردنێـــک سارد سارد وەک زستـان.

من هاتنی هەموو پایزێک بێتاقەتی دەکردم .

ویستم ئەو کاتە خۆم بکوژم کە خۆر خەریک بوو ئاوا دەبوو، بەڵام کە هاورێکەم بە گەرمیەکەوە بەبەردەمم دا تێپەرِیو سڵاوی بۆ کردم پەشیمان بوومەوە .

هەموو جارێک کە لە پەنجەرەکەوە دەیرِوانی بەسەر رِووبارەکەدا سەیرێکی دونیای دەرەوەم دەکردو لە دڵی خۆم دا بێهودەییەک دایدەگرتم. دونیا زۆر بە خێرایی تێدەپەرِیو من لە هەموو شتێک بێزار بووم تەنانەت لە جەستەی خۆشم.

من دەمویست بەیانیەک زوو لە خەو هەستم بڵێم ئیدی خۆشبەختیم دەست کەوت. من گێل بووم یان رِوون تر خۆم گێل دەکرد. چونکە نە ئێستاو نە هیچ کاتێکی تریش هیچ مرۆڤێک

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەو لەحزەیە ناباتەوەو ئیدی تەواو پاڵی لێبداتەوەو بڵێت تەواو. من دڵم پێی دەووتم ڕاستە هەندێک جار خۆشبەختین، پێدەکەنین، گۆرانی دەڵێین، سەفەر دەکەینو یار لەگەڵمانە، بەڵام ئەوانە خۆشبەختی تەواوەتی نین ئەوانە سەرابەکانی خۆشبەختینو بە هەندێک جوانییەوە فیلّمان لێدەکەن.

من ترسنۆک بووم ئەوکاتەی وتم خۆم دەکوژم. ڕەنگیشە ئەوە ئەوپەڕی ئازایەتی بێت تۆ بەرامبەر ژیان بوەستێتو پێی بڵێی نا بۆ وەهمەکانت، نا بۆ جەنگە بێ کۆتاکانت نا بۆ ...... بەڵام ئەو پێش نیوەڕۆیەی مناڵەکەم بینی بە دەست دایکیەوە چلورەی دەخوارد پەشیمان بوومەوە. ڕاست تر بڵێم پێکەنینە ناسکەکانی مناڵەکە هەموو خەیاڵێکی تێکدام کاتێک بە دەم دایکییەوە پێدەکەنی.... من چیم هەبوو بیدۆڕێنم. هیچ ... ئەی چیم دەبردەوە. هیچ ... بەڵام ئەی نیگا سەوزەکانی ئەو کە لەوپەڕی بێتاقەتیو وەڕسیەوە تروسکاییەک ئومێدی پێ دەبەخشیم. کە قسەی بۆ دەکردمو دەستی دەجوڵاندەوەو پێی دەووتم گەر تۆ بێتاقەت بیت منیش بێتاقەتم، من لێوان لێو دەبووم لە ئومێد. بەڵام کە دەڕۆییو لە دوورەوە دەستێکی ماڵئاوایی بۆ دەجوڵاندمەوە لە داخاندا گەڵاکانی ژێر پێم دەپلیشاندەوە کە بەهۆی پایزەوە هەموویان وەریبوون. پێدەچێت یەکێک لەو لەحزانەی بڕیارم دا خۆم بکوژم لەحزەی بینینی ئەو بێت. من هیچم نەبوو بیڵێم یان ڕاست تر لە سەرسامی دا نەمدەزانی چی بڵێم. ئەو نەبێت ... ئەو بەزۆری زۆرداری قسەی لێ دەردەهێنامو پێکەنینی بۆ دەکردمو جارو باریش لە ژێر لێوەوە گۆرانی بۆ دەووتم ... دەستم دەخستە ژێر چەناکەمەوەو تێر سەیری لێوە ناسکەکانیم دەکرد کە وەک دەنکی هەنار سور سور دەچوونەوە. پێم دەووت نازانم بۆشاییەک لە ڕۆحمدایە بە هیچ کەسێک پڕ ناکرێتەوە ئەو بە بێزارییەکەوە دەیووت منیش.؟ لە خۆشەویستیدا پێم نە دەووت ئا تۆیش ... بە ناچارییەوە دەبوو هەر لە سەرەتاوە تا وەکو کۆتایی من ئەوەی بۆ ڕوون بکەمەوە کە هەندێ حاڵەتی دەروونی هەیە بە هیچ کەسێک چارەسەر ناکرێت جگە لە تەنهاییەکانی خۆت نەبێت. پێم دەووت ئەو بۆشاییە قوڵ قوڵەی ناو ناخمان دەتوانرێت هەندێکی پڕ بکرێتەوە بەڵام شوێنە دوورەکانی ڕۆح دەستی هیچ کەسێکی پێ ناگاتو بە هیچ کەسیش پڕ نابێتەوە. ئەو هەندێک لە من تێدەگەشتو ئیدی لە پەڕەکەی دەستم هەندێک شیعری بۆ دەنوسیمو خۆریش هێدی هێدی ئێمەی لەناو ئاوابوونی خۆیدا لە بیر دەکرد. بەڵام من ئێستاشو ئەوساش کەسێک نەبوو بە تەواوەتی لێم تێبگات... بەیانییەکی تریش لە ژێر درەختەکەدا پێم دەووت خۆشم دەوێیت، بەڵام تێم بگە خۆشەویستی زۆر جار هەموو گرفتەکانی من چارەسەر ناکات ... تێم بگە ... پڕ بە دڵ خۆشم دەوێیت ... بەڵام خۆشەویستی هەموو جار مرۆڤەکان قایل ناکات ... من ئێستا پەشیمانم بۆچی ئەو بەیانیە زووەی زستان لەژێر بارانە زۆرەکەدا خۆم کوشت. پەشیمانم لەوەی بۆچی بەو ڕۆژە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سارده ئەو هەڵڵا گەورەیەم لە گەڕەکەدا درووست کردو هەموو ئەو دراوسێیانە بوون بە سەیرچی لاشەکەم کە بارانەکە جوان جوانێک شۆردبوویەوە.

بارانەکە دەیکوشتمو کەچی دایکم بە سەر لاشەکەم دا کە گوللەیەک بە کەلەی سەریەوە بوو تێر تێر دەگریا. لە حەوشەکەداو بەو سەرمایە من لە ناو جۆگەلە بچوکەکانی بارانەکەدا کەوتبووم کە چاڵو چۆڵیی حەوشە کۆنەکە درووستی کردبوو. مناڵێک لە پشتی سەرمەوە بە چاوە تۆقیوەکانی سەرسامانە لێی دەڕوانیم. دەمویست بڵێم کوڕە جوانەکە من پەشیمانم بەم بەیانیە زووە تۆ هاتوویتە سەر لاشە ترسناکەکەمو لێم دەڕوانی. کەچی بارانە بە خوڕەکە نەی دەهێشت هیچ قسەیەک بکەمو بە خێرایی خۆی دەکێشا بە سەرو چاومداو دەنگی گریانەکانی دایکیشم هێندەی تر بێتاقەتی دەکردم. هەندێک جار قسەی ئەو هاوڕێیەم بە جددی وەر دەگرت کە دەیووت ژیان یەک فورسەتەو تەواو جا توخوا با لەدەستی نەدەین .

چەندان جار بە تەنیا دانیشتومو لە دڵی خۆمدا وتوومە بەڕاست ئایا ژیان خۆشە؟

بەڵام ئایا ئەوە ئێمەین ژیان خۆشو ناخۆش دەکەین یان ژیان خۆی لە بنەچەوە وەهایە. من نەم دەتوانی وەڵامێکی گونجاوو پڕاو پڕ بۆ ئەو پرسیارە بدۆزمەوە،. ئەوەندەشی لە کتێبەکاندا بۆی گەڕابم وەڵامێکی دڵنیاو قایل کەرم چنگ نەکەوتووە. ئەگەر جارێکیش یەکێکیش لەو دووانە بڕوای منی بۆ خۆی ڕاکێشا بێت ڕەنگە چەند ساتێکی کەم بوو بێتو دواتر پەشیمان بوبێتمەوە.

بەڵام ئەو لەحزەیەی کە لە حەوشەکەدا هەڵیان گرتمو بە پەلە بۆ نەخۆشخانەکەیان بردم زانیم کە من شتێکی گەورەم دۆڕاندووە کاتێک حەوشەکەم بەو شێوە تەنیایە بەجهێشت.

بارێک کە من پێم وابوو قورس ترین بارە بەسەر شانمەوە کەچی بە ئاسان ترین شێوە نەما.

دکتۆرەکان یەکە یەکە سەیریان کردمو وتیان تەواو.

دایکم لە حەوشەکەدا بە گریان سنگو بەرۆکی خۆی دادڕیو پیاوێکیش کە هەر لە باوکم دەچوو هاتە سەرمو وتی بەد بەخت چەند کەم ژیایت.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

من هەردوو چاوم کردبوویەوەو لەو سەرو چاوە غەریبانەم دەڕوانی کە بە غەڵبە غەڵبو بۆڵە بۆڵەوە دەهاتن‌و دەچوون.

بە ڕاست من چەندێک ژیام.؟

ئەوەی ڕاستی بێت خۆشم نازانم زۆر ژیام یان کەم.

بەڵام کە مادام مردن هەبێت ئیدی زۆر ژیان‌و کەم ژیان چ جیاوازییەکی هەیە. پیاوێک سەد ساڵێک ژیا. یەکێکی تر چەند ساڵێکی کەم.

من ویستم بزانم کامیان خۆش بەختن. کەچی هیچ وەڵامێکی وەهام دەست نەکەوت.

هاوڕێکەم دەیووت گرنگ ئەوەیە بژیت.

گەر ئێستا بەم شێوەیە پرسیارێکی وەهام لێبکەن دەڵێم ڕاست دەکات. گرنگ ئەوەیە ژیان ببەییتەوە نەک مردن.

من هەموو جار سەیری جۆرەکانی مردنم دەکرد.

مرۆڤم دەبینی بە ئاسان ترین شێوە لە کەم ترین تەمەندا دەمرد، کەچی کەسی وەهاشم دەناسی لە دەیەها جەنگو ڕووداودا بە زیندوویی گەڕاوەتەوە.

هاوڕێکەم لە ئۆتۆمبێلێکدا بە تەنها ئەو مرد، یەکێکی تریش لەماوەی چەند چرکەیەکدا جەڵتە کوشتی .... یەکێکی تریش‌و یەکێکی تریش .... من هەموو جار دەترسام لە مردن. چ جای ئەوەی کە خۆم بکوژم.

کە دەمووت خۆم دەکوژم. خەریک بوو دەگریاو دەیگووت تۆ شێتیت .. دەمووت ئا .... شێتم .. بۆ شێتی جوانی نیە؟ ... ئەو پێکەنینی بەم قسانە دەهات، ئەو تەنها دەی ویست پیاسەیەک بکەین‌و بە یەکەوە توند دەستی بخەمە نێو دەستمەوەو پێی بڵێم من خۆشم دەوێی ... ئەی من چیم دەویست .. ڕاستیەکەی خۆشم ئەوەم نەدەزانی.!

ئەو کاتەش کە خرامە ناو گۆڕەکەوە خەریک بوو خۆڵیان دەکرد بە سەرمدا نەم دەزانی من چیم ویستوە.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نە ئێستاش زانیم چیم ئەویّو نە ئەوساش زانیم چیم نیە. من پەشیمان بووم لەوەی بەو بەیانییە زووە ساردە باراناویە خۆم کوشت. خۆم کوشتو ئەو هەموو دنیا جوانو پانو بەرینەم لە دوای خۆم بەجێهێــشت . کە بە دڵنیاییەوە بێ بوونی منیش هەر وەک خۆیەتی وەک چۆن بە بوونی منیش نەدەگۆڕا ... پەشیمانی پێکەنینی مناڵەکانم، پەشیمانی سەیر نەکردنی چاوە سیحراوییەکانی ئەوو قسە خۆشەکانی ... پەشیمانی غیرەکانی ... پەشیمانی جوانیەکانی ... من لە هەموو شتێک پەشیمان بووم .. لەو بەیانیە زووەدا کە لە بێتاقەتیدا چوومە حەوشەکەو سەماوەرەکەی دایکم بەجێهێڵا کە هێشتا چاکەی بەسەرەوە دەکوڵا . باران دەباریو منیش بە فیشەکێک کەللەی سەری خۆمم تەقاند.

من مردم.

ڕەنگیشە من پێش ئەوەی بمرم زەمەنێکی زۆر لە مێژ بێت لە نیوان زیندەگیو مردندا هاتوو چۆم کردبێ ...

*لە ژمارە ( ٦ ) ی ڕۆژنامەی گەنجانی ڕۆژی ٢٠٠٤/٤/١٦ دا بڵاوبووەتەوە دربندیخان ٢٠٠٣

## شەڕی نێو خەونەکان.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کاتێک بە تەنها لە گۆڕەپانەکەدا بەجێ مام ... ئەو گۆڕەپانەی کە بۆنی مەرگ سەرتاپای گرتبوو .. ئەو گۆڕەپانەی کە بۆنی لاشەی ڕزیوی لێ دەهات ... ئەو گۆڕەپانەی کە پڕ بوو لە سەری قرتێنراو .... پڕ بوو لە چاوی بەجێماو ... پڕ بوو لە هەزارەها خەیاڵی سووتاو ... ئەو خەیاڵانەی بێ ئەوەی بێتە دی، ڕۆژانێک لێرەدا لە بار برابوون ... پڕ پڕ بوو لە لاشەی هەنجن هەنجن کراو ...نەمزانی ڕێگای هەڵاتن لە کوێوەیە ئەو کاتەی کە لە ناو سەنگەرەکەدا دانرام بێئاگا بووم لەوەی چیم بەسەر دێت ناهەقیشم نەبوو، چونکە یەکەم جارم بوو ڕووداوی ئا لەو جۆرە ببینم ... نەم ئەزانی ژیانو مردن تەنها تاڵە موویەک نێوانیانە... نەم ئەزانی ڕۆژگار لە سەنگەرەکان دا چەند درێژە ... ڕق چەند گەورەیە... خۆشەویستی چەند بچووکە ... مەوداکانی ئارامی چەند کورتە ...ڕێگاکانی بێزاری چەند درێژە. هێشتا تەمەنم هەژدە ساڵانی پڕ نەکردبوویەوە کاتێک ڕاپێچی ئەم ئاگرە کرام، یان ڕوون تر بڵێم دەعوەتی سەر سفرەی ئەو خوێنە کرام کە سەرکردەکان ڕازاندبوویانەوە ... لە یادمە کاتێک پیاوە لچ زلەکە بە هێمنی خۆی کرد بە پۆلەکەمان‌دا، ئێمە ئەو کات هەرگیز خەیاڵمان بۆ ئەوە نەدەچوو کە وا ڕۆژێک لە ڕۆژان یان بەیانیەک لە بەیانیە ساردەکانی زستان، ئەو بەیانیانەی کە لە سەرمادا هەموو شتێک بەستبووی ... ئەو بەیانیانەی بە دڵێکی خۆشەوە دەهاتین بۆ قوتابخانە ... ئۆتومبێلە خاکیی‌یە سەر داپۆشراوەکان بهێنن بۆ بەر دەرگای قوتابخانەکەمانو بە زۆرو تەنانەت بێ ماڵئاوایی کردنیش لە دایکو باوکمانو بە قسەی فریو دەرانە بمان ئاخننە ناوییەوەو ڕووەو ئەم چارەنووسەی کە ئێستا تیایداین بمان بەن ... ئەو پیاوەی کە قسە بریقەدارەکانی بۆ کردین، زمانێکی لووسو سەرو سیمایەکی گوماناوی هەبوو ... ئێستاش بە ڕوونی وێنەکەی لە پێش چاومە، سمێڵە ڕەشە زلەکەی بە سەر لێوەکانی‌دا بەر دابوویەوە، پاڵتۆیەکی مغاویری لەبەردا بوو، چاوەکانی ئەوەندە سامناک بوو بە ئاسانی نەمان دەتوانی سەیری بکەین ... کاتێک خۆی کرد بە پۆلەکەمان‌دا بۆنێکی ناخوشی سامناک ئەو دەوروبەرەی داگیر کرد ... خودایە ... ئەو ڕۆژە چەند سامناک بوو کە ئەو پیاوەمان بینی ... ئەو پیاوەی هەموو خەونەکانی تێکداین ...ئەو پیاوەی لەگەڵ هەر قسەیەکی فریودەرانەدا، بزەیەکی شەیتانیی بەسەر ڕوومەتیەوە دەردەکەوت ... ئەو پیاوەی لە بیرەوەریە خۆشەکانی کردین ...لە پیاسەی ئێواران‌و شەوانی ناو بازاڕی کردین ... لە یاری تۆپی پێی کۆڵانەکانی کردین ...ئەو پیاوەی بۆ یەکەمین جارو دوواهەمین جار بینیمان ... هەر ئێمە ترسمان لێ نەنیشتبوو، بەڵکو مامۆستاکەشمان ترس بە چاوەکانیدا دیار بوو، ئەو مامۆستایەی بە دەنگە بەرزە ناخۆشەکەی هەموومانی یەکە بە یەکە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەڵدەساند، کەچی لەو ساتەدا ئەوەندە پەشۆکا بوو، بە گرانی گوێمان لە دەنگی بوو کاتێک وتی " هەستن " .

ئێمە ئەو کات نزیکەی سی خوێندکار بووین ...زۆربەمان کوڕی یەک گەڕەک بووین ... ئەو گەڕەکانەی کە ئەکەونە پەراوێزی شارەکانەوە ...زۆربەمان منداڵی‌و ژیانی قوتابخانەمان بەیەکەوە بەسەر بردبوو ... زۆربەمان منداڵی شەڕە بەردی کۆڵانان‌و منداڵی تایە سووتاندنی نەورۆزان بووین ... ئەو منداڵانەی کە لە ڕۆژێکدا زیاد لە چەند جارێک لە یەکتری زویر دەبووین‌و ئاشت دەبووینەوە ... منداڵی هەژارەکانی شار بووین. ئێمە نازو نیعمەتی کوڕە دەوڵەمەنەکانی شارمان نەبوو ...ئەو کوڕانەی بەشداری هیچ شەڕە بەردێکی کۆڵانانیان نەدەکرد ... بە ئاسانی ئەیانتوانی جلی جوان‌و تۆپی جوان بکڕن... ئەیانتوانی پۆلەکانی قوتابحانە ببڕن‌و هەرگیز نەکەون... بە ئاسانی ئەیانتوانی زستانان باران لێیان نەدات‌و هاوینان گەرمایان نەبێت.... ئەو کوڕانەی مامۆستاکان‌و بەڕێوبەرەکان‌و تەنانەت خزمەتکاری قوتابخانەکەش خۆشیان دەویستن... ئەو کوڕانەی هەرگیز داری مامۆستایان نەدەخوارد .... ئێمەش کوڕی چاوشارکێی شەوان‌و کوڕی نەهامەتییە گەورەکان.. کوڕی گرانی‌و کوڕی بەر ڕەشەباو باران‌و تۆفان‌و لافاوەکان ... کوڕی یارییە ترسناکو سامناکەکان... ئێمە چی بووین جگە لە کوڕی شەوە ساردەکانی زستان ... کوڕی تەماتە فرۆش‌و پاقلە فرۆش‌و کوڕی خاوەن عەرەبانە شڕەکان ... هەموو بە حەپەساویەوە هەستاین. بە دەستە پانەکانی ئیشارەتی کرد دانیشین، بێدەنگیی سەرتاپای ئەو ناوەی داپۆشی بوو، بێدەنگی هێدی هێدی بەسەر جەستەی ژورەکەدا پەخش دەبوویەوە .

ئەو ژوورەی دەیەها ساڵە هەموو ڕۆژو مانگو ساڵەکانی خوێندن هەر وشە کۆن‌و سواوەکانی ساڵەکانی ڕابردووی تیادا دووبارە دەکرێتەوە ... بێدەنگییەکە ئەوەندە قوڵ بوو، بە ئاسانی گوێمان لە ترپەی دڵی یەکتری بوو ... بە ئاسانی گوێمان لە تەقەی پێڵاوەکانی کابرا لچ زلەکە بوو کاتێک لەسەر خۆ هەنگاوی دەنا ... بە چەند هەنگاوێک خۆی گەیاندە ناوەڕاستی پۆلەکە، وەستا، بە سەیرکردنێکی فێڵاویەوە سەیرێکی نێوچەوانی مامۆستاکەمانی کرد. مامۆستاکەمان جگە لە زەردەخەنەیەکی درۆزنانە هیچ وەڵامێکی پێ نــەبوو ... دوو کەسی تری لەگەڵ بوو، ئەوان ڕێک لەبەردەمــی دەرگای ژوورەکەدا ڕاوەستا بوون، ئەوانیش بە هەمان شێوە بەرگی سەربازییان پۆشی بوو، تفەنگەکانیان بە دەستیانەوە گرتبوو، ئەو تفەنگانەی کە هەرگیز مەیدانێکی ڕووبەڕو بوونەوەی وەک ئێستای نەبینی بوو، ئەو دەستانەی کە جگە لە دەستێکی خۆێناوی بۆ ناوخۆ هیچی تر نەبوون ... یەک دوو جار چاوێکــی بە هەمووماندا گێڕا ... دەستی کرد بە هەردوو گیرفانی پاڵتۆکەیدا ... سەری داخست ... دیسانەوە سەری بەرزکردەوە ...

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەستی ڕاستی دەرهێنا .. نێوچەوانی لە دیوارەکەی بەرامبەری گیر کرد ... ڕێک لەو شوێنەی کە وێنەکەی سەرۆکی تیاهەڵواسرا بوو ... ئەو سەرۆکەی کە لە هەموو جێیەکی ئەم وولاتەدا وێنەی ئەوی لێبوو ... بە دەنگێکی گڕەوە کەوتە قسە کردن ... دووبارە کەوتەوە جوڵە ... کەوتەوە قسە کردن... لەگەڵ هەر قسەیەکدا دەستی ڕادەوەشاند ... دەنگی تا دەهات گڕ تر دەبوو ... لەو جۆرە دەنگانەی کە پێشتر بەر گوێی هیچ یەکێک لە ئێمە نەکەوتبوو ... کەوتە باس کردنی ئێمە. هەموومانی بە پاڵەوان دایە قەڵەم هەموومانی کرد بە کوڕی نیشتمان ... هەموومان کوڕانی پاشەڕۆژ بووین ...ئەو پاشەڕۆژەی هەرگیز نەمانبینی ... ئەو پاشەڕۆژەی نە بۆ ئێمەو نە بۆ گەورەکانیش هەرگیز بە خۆشی نەمان گوزەراند ... هەمووانی بە نیشانەی شارستانیەتو پێشکەوتنو سەربەخۆیی دەستنیشان کرد ... هەمووانی بە ئازاو بە غیرەت ناوزەد کرد ... نەمدەوێرا بە ئاسانی چاو ببڕمە نێوچەوانی، هاوڕێکەی تەنیشتیشم بە هەمان شێوە نەیدەوێرا سەیری بکات، هەمووانیش بە هەمان شێوە سەیریان نە دەکرد ... کۆکەیەکی بۆ کرد... دوبارە سەری کەوتەوە جوڵە ... زمانی کەوتەوە قسە ... کەوتە باس کردنی فەرمودەکانی جەنابی سەرکردە ... کەوتە باسکردنی بەرەکانی جەنگ ... کەوتە باسکردنی بە دیل گرتنی هەزارەها کەسی دوژمن ... باسی کوشتنی هەزارەهای تریشی کرد ... هەروەها بریندار بوونی هەزارانی دیکە ... باسی تێکدانی شارەکان ... تێکدانی پالاوگەکانی نەوت ... باسی خستنە خوارەوەی فڕۆکەکان ... باســی تێکشکاندنی زرێپــۆشو تۆپە دوور هاوێژەکان من خەیاڵم لای ئەو وێنانە بوو کە هەموو شەوێک لە تەلەفزیۆنەکەوە لە بەرەکانی جەنگەوە پیشان دەدران ... ئەو وێنانەی پڕ بوو لە مرۆڤی سووتاو ... پڕ بوو لە باڵـی قرتاو ... لە قاچی پەڕیو ... ئەو وێنانەی کە تەنانەت کۆرپەی بەر بێشکەکانیش بەسەیر کردنی ڕاهاتبوون ... من خەیاڵم لای ئەو پیاوە دەنگ زلە بوو کە هەموو جارێک شاشەی تەلەفزوێنەکەی داگیر دەکردو باسی سەرکەوتنە وەهمیە یەک لە دوای یەکەکانی دەکرد ... باسی خۆ ئامادەکردنی دەکرد بۆ جەنگێکی دیکە ... باسی مەشق کردنی بە کۆمەڵی میللەتی دەکرد لەسەر چەک بۆ ڕووبەڕو بوونەوەیەکی دیکە ... بۆ ڕووبەرو بوونەوەی دوژمنێکی دیکە لە دوژمنە کۆتا نەهاتوەکانی نیشتمان ... ئەو دوژمنانەی لە هەموو ساتو ڕۆژگارو مانگو ساڵو سەدەیەکی ئەم وڵاتەدا بوونیان هەبوو ... ئەگەر نەش بووایە خۆمان دروستمان دەکرد ... خۆمان دەبووین بە دوژمنی یەکتر ... گرنگ هیچ نەبوو... تەنها ئەوە نەبێ کە دوژمنێک هەبێو بە بەردەوامی جەنگێکیش هەبێت ... ماوەیەک بێدەنگ بوو، لە نێوان ڕەحلەکاندا لەسەر خۆ کەوتە هەنگاونان، من ڕەحلەیەک پێش کۆتایی ریزی ناوەڕاست بووم، گەشتە لای من، سەرم داخستبوو، دڵم زۆر بە خێرای لێیدەدا، بۆنێکی پیس لە جەستەیەوە دەر دەهات ... بۆنێک کە ئێستا ئەزانم بۆنی چی بوو ... ئەوە بۆنی کرمی جەستەی ئەم کوژراوانەیە کە ئێستا یەکە بە یەکە لە پاڵ مندا ڕاکشاون ... ئەو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کرمانەی زۆر لەسەرخۆ خەریکی شیکردنەوەی خانەکانی لەشمن ... ئەوە بۆنی مردن بوو لە جەستەی ئەو پیاوە لچ زلەوە دەهات ... ئەوە بۆنی سوتان بوو... بۆنی لەت بوونی جەستەکان بوو ... گەیشتە کۆتایی پۆلەکە، گەڕایەوە، هەمووان پێشبینی شتێکمان دەکرد کە نەمان دەزانی چییە، هەمووان دڵمان بۆ شتێکی نادیار لێی دەدا، شتێک لە تارماییەکی ترسناکی دەکرد ... لە خەمی خۆماندا بووین ... لە خەمیماڵەوەو لە خەمی یەکتریدا بووین ... ئیدی لە یادم نیە چی ڕوویدا ... بەڵام ئەوەندەم لە یادە کە وتی :

بیست کەسم ئەوێ بۆ نیشتمان ... بیست کەس بۆ بەردەوامی شەکاوەیی ئاڵاکەمان ... بیست کەس لەوانەی کە ئامادەن مەرگ هەڵبژێرن لە جیاتی داگیرکردنی خاکەکەیان ... بیست کەس لەوانەی خۆیان ئەکەن بە قوربانی خەونەکانی سەرۆک... ئەو سەرۆکەی لە هەموو هەڵەیەک خاڵیە ئەو سەرۆکەی نیشتمان ئەوەو ئەویش نیشتمان ... ئەو خەونانەی کە بە ملوێنەها مرۆڤ نایەنە دی ... لە یادم نیە چۆن منی دەست نیشان کرد ... یان ڕوون تر بڵێم چۆن ئەو شەرەفەم پێ بڕا کە یەکێک بم لە پارێزەرانی (نیشتمان) ... یەکێک بم لە بە دیهێنەرەکانی خەونەکانی سەرۆک ... نازانم چۆن لە هاوڕێکانم دابڕام ... ئەی ئەوان چیان بەسەر هات ... ئەی ئەوان چون بۆ کوێ ... تەنها ئەوەندەم لە یادە لە سەنگەرێکی شەش کەسیدا خۆم بینیەوە، شەش کەس بووین کەسمان یەکتریمان نەدەناسی ... دوور بووم لە هاوڕێکانم ... ئەو هاوڕێیانەی خۆشیو ناخۆشیمان یەک بوو ... پێکەنینو گریانمان یەک بوو ... شەڕو ئاشتیمان یەک ... ئەوانەی یەک گیان بووین ... ئەوانەی بە یەکەوە ژیاینو کەچی دوور لە یەکتریو بێ ئەوەی کەس بەوی ترمان بزانێ مردین ... پێنج جەنگاوەری ترم لە گەڵدا بوو ... چواریان تەمەنی منیان هەبوو ... تەنها سەردەستەکەمان نەبێت لە هەموومان گەورەتر بوو، هیچ یەکێکمان ئەوی تری نەدەناسی، بەسەرو سیمامانەوە وا دیار بوو کە هەریەکەو بە زۆر لە شوێنێکی وولاتەوە ڕاپێچ کرابن، بەڵام سەردەستەکەمان وا دیار بوو تەمەنێکی زۆری لەو شەڕانەدا بەسەر بردبوو، بۆیە بە بێدەنگیی پاڵی دابوو بە گڵی سەنگەرەکەوە ... سەنگەرەکەی ئێمە لە ڕیزی پێشەوەی سەنگەرەکان بوو ... چەندەها سەنگەری تر بە دووری چەند مەترێک لێمانەوە دووربوو ... هەموو سەنگەرەکان لەسەر یەک خەتی درێژ لێدرا بوو ... لە بەردەممانەوە هەندێ نشێوو چاڵو چۆڵیی تیادا بوو ... ئێمە چەند مەترێکی کەم لە خەتی جیاکەرەوەی نێوان سەنگەرەکانی خۆمانو دوژمنەوە دوور بووین ... بۆیە ئەو چواردەورە بۆنی ترسێکی قووڵی لێ دەهات ... یەکەم شەو کە لەو سەنگەرەدا دانراین ... بەرپرسە سەربازیە گەورەکان ئەیانزانی دوژمن هێرشێکی گەورەی بەدەستەوەیە بیکات، بۆیە هەر بەو شەوە تاریکە کە تاریکیی هەموو شتێکی داپۆشی بوو، ئەم هەموو جەنگاوەرانەیان کۆکردەوەو بە خێرایی سەنگەرەکانیان پێ پڕ کردنەوە ... هەر لە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پشتمانەوە هەزارەها جەنگاوەری تر هەبوون ... ئەوانیش بە نیازی تێکشکاندنی هێرشەکەی دوژمن دانرا بوون ... ئێمە چەندەها زرێپۆش‌و تۆپی دوور هاویژ پاڵپشتی دەکردین ...خودایە ... ئەو ناوە چ تاریکاییەک بوو ... " با " یەکی سارد بە توندی خۆی دەئالاندە جەستەمان ... ترسێکی قوڵ ... قوڵ تر لە ڕۆحی هەمووان ... خۆی دەکرد بە ڕۆحمانداو تەنیاییەکی کوشندەی بەجێ دەهێشت ... سەنگەرەکەمان نزیکەی سێ مەتر درێژو دوو مەتر پان بوو، هەمووان بەڕیزو لەسەر دەم لەسەر خۆڵەکە ڕاکشا بووین، تفەنگەکانمان کەوتوبوونە مابەینی سنگمان‌و خۆڵەکەوە، خودەکانمان قورساییەکی گەورە بوو بە سەر سەرمانەوە، زۆر بە توندی خۆمان لە ناو پاڵتۆکانماندا گرمۆڵە کردبوو، تەنها سەر دەستەکەمان نەبێت لە پشتمانەوە بە ئاسانی پاڵی دابوویەوەو تفەنگەکەی لە نێوان هەردوو دەستی‌دا گرتبوو، خەیاڵێکـــی قوڵ قوڵ ڕای ئەکێشا ... هەموومان بێدەنگ بووین ... بێدەنگیەک کە بۆنی ترسی لێ دەهات ... سەردەستەکەی ئێمە کاتێک هاتینە ناو سەنگەرەکەوە پێی وتین:

" نابێت کەس قسە بکات ... لەوانەیە ئەمشەو هێرشەکەی دوژمن دەست پێ بکات ... چاوەکانتان هەردەم بە خەبەر بێت ... " ئیتر بێدەنگیی ئەو چوار چێوە تەسکەی گرت.!

تا ئەو کاتەی یەکێکمان وتی : چ بێدەنگییەکی کوشندەیە ... "

کەس وەڵامی نەدایەوە ... هەرگیزیش وەڵام نەدرایەوە ... نازانم کەس ئاگای لێ نەبوو یان نەمان توانی وەڵامی بدەینەوە، تەنها ئەوەندە نەبێت سەرۆکی دەستەکەمان بە تورەییەکەوە سەیری کرد ... ماوەیەکی تر بێدەنگ بووین ... لە ناکاو سەرۆکی دەستەکەمان دایە پێکەنین ... پێکەنینێک کە نیشانەی ئەوپەڕی بێهودەیی بوو لە جەنگ ... پێکەنینێک بۆ یەکەم جارو دواهەمین جار بوو بیبیستین ... پێکەنینێک کە نیشانەی ترسان بوو ... ترس لە مردن ... مردنێک کە ڕوو بە ڕوومان ڕاوەستا بوو ... مردنێک کە دەمانزانی ئەمشەو میوانی ئەم هەموو دڵەیە ... پێکەنینێک کە نیشانەی ماڵئاوای‌و کۆتایی شتەکان بوو ... نیشانەی یەکترناسینێکی کورت‌و ماڵئاواییەکی درێژ ... ماڵئاوایی لە خەونە خۆشەکان ... ماڵئاوایی لە هاوڕێیەتی‌و منداڵـــیی ... ماڵئاوایی لە گەورە بوون کە هەرگیز نەمان بینـــــی ... " با " یەکە تا دەهات سارد تر دەبوو ... دنیا تادەهات سارد تر دەبوو ... دڵەکانیش تا دەهات سارد تر ... ساردییەک بە خانەکانی جەستەماندا هات‌و چۆی دەکرد... من نەمتوانی هیچ بڵێم ... کەسی تر هیچی نەوت ... دڵم لای چرکەکان بوو ... ئەو چرکانەی زۆر لەسەر خۆ تێدەپەڕین ... ئەو چرکانەی دوارۆژی ژیانی ئێمەی دەستنیشان دەکرد ... نەمتوانی بە ئاشکرا هیچ بڵێم ... بەڵام لە دڵی خۆمدا پرسیم:

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەم جەنگە کەی دەست پێ دەکات.؟  ئەم جەنگە کەی کۆتای دێت .؟ بۆ مرۆڤەکان بێ جەنگ ناژین .؟

لە دڵی خۆمدا پرسیم:

ژیان بە جەنگەوە جوانە یان نا.؟ نهێنی سەرکەوتن چییە.؟ ئەی نهێنی دۆڕان .؟ کێ سەر بەرزە میللەت یان سەرکردەکان .؟

پرسیم:

بۆ گوڵەکان سەوز نابن لە مەیدانەکانی جەنگدا .؟ بۆ باڵندەکان ناخوێنن لە مەیدانەکانی مەرگدا .؟

چ نهێنییەکە ئەم  هەموو " مقەبایە "، ببوورن ئەم هەموو جەنگاوەرە کە لەم شەقامی خوێنەدا کۆ دەبنەوە .؟ بە دەوری ئەم ئاگرەدا هەڵدەپەڕن ... هەڵدەپەڕنو دەشزانن بە گڕەکەی دەسوتێن...؟

پرسیم:

بستێ زەوی ئەم هەموو خوێنە دێنێ ...؟ زەمەنێکی کورتی کورسی دەسەڵات ئەم هەموو خوێنەی دەوێ ...؟  من نەمتوانی لە دڵی خۆمدا نەدوێم ... پرسیار نەکەم ... کێ براوەیە ؟ خوێن یان پارە ...؟ کێ دوای ئێمە دەژی ...؟ نەوەکان ... ئەو نەوانەی کە لەسەر هەمان ڕێبازی ئێمە دەیانێرنەوە بۆ لامان ... لە کۆتایی هەمان خاڵدا کە ئێمە ماڵئاواییمان کرد، پێیان دەگەینەوە دەستەکانیشیان پڕن لە سڵاوی سەرکردەکان بۆمان ... گوێمان لە دەنگی " با " بوو ... گوێمان لە ئاوازەکانی مەرگ بوو کاتێک بەرەو ڕوومان دەهات ... گوێمان لە شەو بوو کاتێک پێی دەووتێن نەهامەتییەکی گەورە پێتان دەگات ... باوەشم کرد بوو بە تفەنگەکەمدا، ئەو تفەنگەی هاوڕێی هەمیشەییم بوو، ئەو تفەنگەی تا زیاتر دەم نووساند بە خۆمەوە زیاتر قێزم لێدەکردەوە، هاوڕیکانم ... نا ... ببورن جەنگاوەرەکانی سەنگەرەکە هەموویان لە خەیاڵدا بوون، نازانم ڕەنگە لە خەیاڵی زۆر خۆشیش یا خەیاڵی زۆر ناخۆشیشدا بوو بن .. لە دڵی خۆمدا وتم " چەند بێ دەسەڵاتین ئێمە ... چۆن بە ئاسانی دەمان کەن بە خۆراکی جەنگ ... خۆراک بۆ سەر مێزی گفتوگۆی شکستی دوای جەنگ ... " ئیدی نازانم چی ڕوویدا... بەڵام ئەوەندەم لە یادە کە هێرشەکەی دوژمن هەر ئەو شەوە دەستی پێکرد ... هێرشەکە زۆر گەورە بوو ... بەرەنگاری نەکرا ... چرە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دوکەڵێکی ڕەش ئەو ناوەی داگیر کرد ... زەمەن تا دەهات بچوک تر دەبوویەوە ... ژیانیش تا دەهات تەسکتر ...

ئەی جەنگاوەرەکان چییان بەسەر هات ؟ ئەوانەی کە لە گەڵمان بوون ..؟ نازانم ... ڕەنگە هەڵ هاتبن ... ڕەنگیشە هەڵ نەهاتبن‌و ئێستەش وەک من کرم بە سەر جەستیانەوە هات‌و چۆ بکات ... ئەی سەر دەستەکەمان ...؟ ئەی هاوڕێکانی قوتابخانە ...؟ نازانم ... کاتێک بە تەنها لە گۆڕەپانەکەدا بەجێ مام، پێکرام، لە یادم نییە چۆن پێکرام، بەڵام ئەوەندەم لە یادە کە ڕێگای هەڵهاتن نەبوو، هەستم بە ئازارێکی کت‌و پڕ کرد لە کەللە سەرمدا نازانم کەی مردم ...؟ چەندێکە مردووم ... بەڵام ئەوەندە ئەزانم کرم بەسەر جەستەمدا هات‌و چۆ دەکات ... شەڕەکە تەواو بوو بوو ... بە شۆفڵ خەریک بوون دەیانکردینە ناو چاڵێکەوە ... هەر من نا، بەڵکو هەزارانی وەک من کەوتبوون، کێ بردیەوە؟ کێ دۆڕا ؟ ئەوەیانم نەزانی .... بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە من زەمەنێکە مردووم ...

کاتێک هاوڕێکەم بە ئاگای هێنام، ڕۆژ ماڵئاوایی کردبوو ... دنیا خەریک بوو تاریک دادەهات ...

هاوڕێکەم وتی : چییە ... ئەڵێی خەونەکەت زۆر ناخۆش بوو ...؟ ."

*لەژمارەی(٣٧)ی گۆڤاری (ئایندە)ی دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەمدا بڵاو بوەتەوە هەولێر/١٩٩٩

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## ئەو شەوەی شا نەفرەتی لە شایەتی خۆی کـــرد.

کاتێک " شا " بە هێمنی بە ژوورە گەورەکەدا پیاسەی دەکرد، دنیا لە دەرەوە تاریکاییەکی قورس دایگرتبوو، خەمگینییەکی سەیر یاری بە گەڵای درەختەکانی کۆشک دەکرد، جەستەی " شا " لە ژوورەکەدا قورساییەکی سەیری هەبوو، بە جۆرێک دەتگووت ژوورەکە لە ژێر پێیەکانیدا دەلەرزێ، " شا " وەک بڵێی ئا لەم کاتەدا هەستی بە قورسایی‌و شان‌و شەوکەتی خۆی کردبێت، بە هێمنی‌و جۆرە نائارامیەکی سەیر ژوورەکەی لە هەنگاوەکانیدا پارچە پارچە دەکرد ژوورەکەی " شا " ژوورێک بوو لە کۆشکێکی گەورەو ڕازاوەدا، کۆشکێک کە دەیڕوانی‌یە سەر باخێکی گەورەو پڕ لە سەوزای‌دا، بە جۆرێک دیمەنی کۆشکەکە لەناو ئەو هەموو درەخت‌و سەوزایی‌و گوڵەدا لە گوڵێکی بچووکی دەکرد لە ناو ملیۆنەها گوڵی جۆراو جۆردا، بە تەنیشت ئەم کۆشکەوە ڕووبارێک تێدەپەڕی، کە دەنگی ئەم ڕووبارە لە شەواندا تەنهاییەکی جوانی دەبەخشیە کۆشکەکەو ژیانیشی هێندەی تر دەکرد بە چەند بیرەوەریەکی بە سەر چوو. " شا " زیاتر هەنگاوی ناو خۆی گەیاندە سەر مێزی نوسینەکە کە لەو سەری ژوورەکە دانرا بوو، بە هەستێکی پڕ دوو دڵی‌و بێزارییەوە لە سەر کورسیەکە دانیشت، جەستەی "شا" هێندە قورس بوو خەریک بوو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کورسیەکەی ژێری پارچە پارچە دەبوو، لەسەر مێزی نوسینەکە چەندەها پەڕەی نووسراوو نەنووسراو پەرشو بڵاو بووبوونەوە، هەروەها چەندین کتێبی گران بەها بە داخراوی لە سەر مێزەکە کەڵەکە کرابوو، " شا " کە سەری هەڵدەبڕی لە بەرامبەریدا تابلۆیەکی گران بەهای زەمەنە دێرینەکان هەڵواسرابوو، کە نە " شا "و نە باوکی " شا " ی ڕەحمەتییش نەیاندەزانی لە چ تالان و بڕۆیەکدا باپیرە گەورەیان دەستی کەوتووە. لە تابلۆیەکەدا خۆر ئاوابوونێکی مەیلەو سوور هێدی هێدی دنیای داگیر دەکرد، لە بناری لوتکەیەکدا چەند ماڵێک پەرتو بڵاو ببوونەوەو خۆر ئاوابوونەکە دیمەنێکی خەمگینو کەساسی بەخشیبووە ئەو ئێوارەیە، لەسەر لوتکەکەدا پیاوێک بەتەنها کە سەری خستبووە سەر دەستە ڕاستی دەیڕوانیە ماڵەکانو تیشکە بێهێزەکەی خۆریش هێدی هێدی لەناو خۆیدا نوقمـــی دەکرد. " شا " کە چاوی کەوتە سەر تابلۆکە بە پەلە سەری خۆی لە ناو هەردوو دەستیدا نوقم کرد. لە پشت سەری "شا"وە کتێبخانەیەکی گەورە هەبوو، کتێبخانەیەک کە پڕ بوو لە کتێبی گرانو پڕ بەە، ئەم کتێبخانەیە وەک چۆن پڕ بوو لە کتێبی چاک، ئاوەهاش خاڵی نەبوو لەو کتێبانەی کە بەشانو شەوکەتی سەروەرانی ئەم بنەماڵەیەدا نوسرابوو کە " شا " هەرگیز حەزی نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان بیان خوێنێتەوە. هەندێک سەروتری کتێبخانەکە وێنەیەکی گەورەی " شا " هەڵواسرابوو، لەم وێنەدا " شا " دەم بە خەندەوەو بە چاوێکی سادە ئامێزەوەو بە جلێکی شایانەوە ڕووەو کامێرا وەستا بوو. هەر بە تەنیشت ئەم وێنەوە وێنەیەکی گەورە تری باوکی ڕەحمەتی کە پێیان دەوت " پادشای گەورە " هەڵواسرابوو، پادشای گەورە پێچەوانەی کوڕەکەی بە ڕوویەکی مۆنو چاوێکی ترس ئامێزو هەناسەیەکی خەم بارانەوە سەیری هەمووانی کردبوو، وەک بڵێی خەمی بۆ ڕۆژانێک خواردبێت کە ئیدی مەحاڵە گەڕانەوەی . " شا " کاتێک سەیری کتێبخانەکەی کرد دڵی نەچووە سەر هیچ کتێبێک، یان ڕاست تر بڵێین خەیاڵی هێندە ئاڵۆز بوو هیچ کتێبێک نەیدەتوانی ئالەم ساتەیا ئارامی کات. کە زیاتر سەری بەرزدەکردەوەو وێنەکەی خۆی بینی پێکەنینی هات بە ئەو خەندەیەی کە لەسەر لێوانێتی، دواتر کەمێک ڕووی خۆی سوڕاندو " پادشای گەورە "ی بینی هەستی بە شەرمەزاری کرد. شەرمەزاری ئەوەی کە باوکی چۆن بە بێدەنگیو خەمبارانە دانیشتوەو نیگا خەم هێنەرەکانی ئاڕاستەی ئەم دەکات .

وا دێتە خەیاڵی ئەگەر ڕەحمەتیی بمایە ئێستا لە ئاستی ئەم بێدەسەڵاتیو بێ بڕواییەی ئەو دا تووڕە دەبوو وە بە دەنگێکی نەفرەت ئامێزەوە بە سەری دا دەیقیژاندو دەیووت:

(( لە بنەماڵەکەی ئێمەدا هەرگیز شایەکی ترسنۆکی وەکو تۆ هەڵنەکەوتووە )) .

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەو ئێوارەیەی کە لە کۆشکەکەی خۆیداو لەناو وەزیرو پاسەوانەکانی خۆیدا دانیشتبو، دڵی بە خێراییەکی سەیر لێی دەدا، لە سەری سەرەوەو لەسەر کورسییەکی گەورەو لە ژێر تاجی شاهانەدا دەیڕوانیە هەموو دەستو پێوەندەکانی کە چاوەڕوانی بڕیارێکی گرنگیان لێ دەکرد .

ئەو بەیانیەی کە یاخیەکان گیران " شا " بەیانییەکی ئازاراویو نائارامی بەسەر بردبوو، ئەو سەرو کاری لەگەڵ کوشتارکاریدا نەبوو، کاتێک کە هەواڵیان پێدا لە یەکێک لە کۆڵانەکانی شاردا خەڵک ڕاپەڕیونو پەلاماری سەربازەکانی کۆشکی شاهانەیان داوەو بە سەدەها خەڵکیان لێ کوژراوەو دەیەها دیلیش هەیە .

لە ناخی دڵەوە خەفەتی دەخواردو بەیانییەکی ناخۆشی بەسەر بردبوو .

" شا " کە بەردەوام ژیانی خۆی لەناو کتێبەکاندا بەسەر بردبوو، بەردەوام کۆڕە شیعریەکانی دەرباری خۆی گەرمتر دەکرد، بەردەوام یارمەتی ڕۆشنبیرانو نووسەرانی دەدا، هێندە حەزی لە کۆڕەکانی کوشتنو خوێن نەبوو، هێندە ئارەزووی چەکو سەرباز نەبوو، هەر ئەمەش بوو وای لێ کردبوو سیفەتێکی جیاوازتری لەوانی پێشووی خۆی هەبێت، هەر بۆیە زۆرێک لە وەزیرو فەرماندەکانی سوپا بە شایەکی ترسنۆکیان دەدایە قەڵەم .

هەر لە منداڵیەوە وەها بوو، کاتێک باوکی دەیخستە سەر پشتی ئەسپەکەی خۆیو دەیبرد بۆ ( ڕاو ) ئەم بە زەحمەت لەگەڵیدا دەڕۆشت، کاتێکیش کە دەیبینی باوکی ئەو نێچیرە بەستەزمانانە لەناو خوێنی خۆیاندا دەگەوزێنێ لە دڵەوە گریانی دەهات. باوکی حەزی دەکرد فێری هونەرەکانی سەربازی بکات، فێری ئەوەی چۆن چۆنی نەیارەکەی بدات بە زەویداو خوێن لە دەمارەکانیدا دەرپەڕێنێ. باوکی بەردەوام خەڵکی لە سێدارە دەدا، لە کۆبوونەوە جەماوەریەکاندا یاخییەکانی هەڵدەواسیو بە پێکەنینەوە چەپڵەی لێ دەدا، جەماوەریش بە ناچاری چەپڵەیان لێ دەدا. کاتێکیش باوکی ئەمی لە تەنیشت خۆیەوە دا دەنا لەو کۆبوونەوەی خوێنەدا، " شا "ی بچوک سەری خۆی دادەخستو هەردوو چاوانی پڕ دەبوو لە ئاو .

هەر لە منداڵیەوە وەها بوو کە مەرگی یەکێکی دەبینی چەندان شەو دوای ئەوە بە نائارامی خەوی لێدەکەوت .

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

له شەوێکی درەنگدا باوکی لە یەکێک لە کۆشکە زۆرەکانی خۆیدا خەریکی لە سێدارەدانی پاسەوانێکی تایبەتی خۆی بوو کە گوایە ویستویەتی بیکوژێت لە کاتێدا کە" پادشا " لەگەڵ مەعشوقە زۆرەکانی کۆشکدا خەریکی ڕابواردن بووەو دواتر یەکێک لە مەعشوقەکان نەخشەی کوشتنەکەی تێک داوەو ئاشکرای کردووە. شەوێکی درەنگ بوو، زۆرێک لە وەزیرو دەستو پێوەندەکان بە جلی نووستنەوە هێنرابوونو هێشتا گەرمیی باوەشی ژنەکانیان لە جەستەیان نەبووبووەوە .

" شا " ی بچووک تازە تەمەنی بەرەو (١٨) ساڵان هەڵدەکشا، ئەو شەوە لە کتێبخانەکەی خۆیدا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانێکی بەناوبانگ بوو، کە هەواڵیان پێدا باوکی بە پەلەو ئالەم ناوەختەدا دەیەوێ، جۆرە بێزارییەک دایگرتو بە ناچاری فەرمانەکانی باوکی جێ بەجێ کرد .

ئەو شەوە کۆشک جمەی دەهات. " پادشای گەورە " تووڕەو نائارام دیار بوو، هێشتا ماچی مەعشوقەکانی بە لێوەوە بوو، بە چاوێکی ترس ئامێزەوە سەیری مەعشەری دەستو پێوەندی خۆی دەکرد، پاسەوانەکانی توڕەو چاو کراوە دەبینران .

کاتێک بەسەرهاتەکەی بۆ هەموان باسکرد، تاوانبار لە نێوان دوو سەربازدا سەری خۆی داخستبوو، خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو بەهۆی ئەو ئازارەی کە لەو ماوە کورتەدا دابوویان. باوک بڕیاری خۆی دەرکرد. کە هەر ئێستا لەبەردەم چاوی هەموان " شا "ی بچووک هەردوو چاوی تاوانبار بەزیندوویەتی دەردەهێنێت . " شا "ی بچووک هێندەی نەما بوو پڕ بەدەم ناڵەیەکی گریاناوی بکات. هەمووان سەیرێکیان کردو چاوەڕوان بوون . باوکی بە توڕەییەوە فەرمانەکەی دووبارە کردەوەو ئیشارەتی پێ کرد جێ بەجێی بکات، نەیدەزانی چی بکات، هەردوو چاوانی پڕبوون لە ئاو. ویستی هاوار بکات بەڵام ترسا، توڕەییەکانی ئەو شەوەی باوکی خوێنی لێدەباری. ڕوو بە ڕووی چاوی تاوانبارەکە وەستا، چەقۆکەی دەستی دەلەرزی، کە چاوی تاوانباری بەو شێوە خەمناکە بینی، هێزی لەبەر بڕا . سەیرکردنی چاوێک بەو شێوەیە جۆرە ترسێکی بۆ ئەبەد پێ بەخشی، ئەوە ترسی مردن بوو کە بە بەرچاویدا هاتوو چۆی دەکرد. کە چەقۆکەی بەرز کردەوە، دنیا لە جووڵە کەوت .

" شا "ی بچووک بە توندیی چەقۆکەی کێشا بە زەویداو بە چاوێکی پڕ لە گریانەوە ڕووەو دەروازە کراوەکەی کۆشک ڕایکردوو بە پەلە خۆی گەیاندە ژوورەکەی خۆیو دەرگاکەی لە سەر خۆی داخست. دواتر بە هەوڵو تکای شاژنو بە ناوبژیوانی وەزیرێکی سەنگین لای باوکی، باوکی لەو تاوانە گەورەی کوڕەکەی خۆشبوو، ئیدی هەر

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لەو شەوەوە نازناوی پادشای ترسنۆکیان لـــێ نا. ئەو ئێوارەیەی کە لەناو کۆشکەکەی خۆیداو لەناو وەزیرو پاسەوانەکانی خۆیدا دانیشتبوو، دڵی بە خێراییەکی سەیر لێی دەدا . هەمووان چواردەوریان لێ دابوو. وەزیرەکان لە ژێرەوە بە پادشای ترسنۆک ناویان دەبرد .

ئەم بە تەنها لە سەر کورسیە گەورەو گرانەکەی کۆشکداو لە ژێر تاجی شاهانەدا بێدەنگانە سەیری دەستو پێوەندەکانی خۆی دەکرد کە چاوەڕوانی بڕیارێکی گرنگیان لێ دەکرد. کە یاخییە گیراوەکانی ئەو بەیانیەیان هێنا کۆشک جمەی دەهات، یاخییەکان لە ناوچەوانیاندا کەساسیو زوڵمو زۆریی سوپاو سەربازانی کۆشکیان پێوە دیار بوو. سەرۆکی سوپا کە بە مرۆڤێکی دڵڕەق ناسرا بوو هەر ئەمیش هۆی تورە بوونی خەڵک بوو، بەیانێکی لە گیرفانی دەرهێناو بڕیاری ئەنجومەنی سەربازی خوێندەوە کە بەیانیی لەگەڵ خۆر کەوتندا هەموو دیلەکان لە مەیدانی گەورەی شاردا هەڵدەواسرێن . بە شێوەیەک ببێت بە پەندێک بۆ خەڵکانی وەکو خۆیان . "شا" کە تەنها ئیمزای ئەوی مابوو جێ بەجێ بکرێت، ترسێکی سەیر دڵی داگرت، ترسی ئەو شەوەی کۆشکەکەی باوکی، ترسی چاوی تاوانبار، "شا" کە بە ترسنۆک ناوی دەرکردبوو شەرمی لە خۆی دەکرد. "شا" کە دوودڵ بوو لە بڕیاردان، یەکێک لە ناخەوە پێی دەگووت ترسنۆک بڕیاری کوشتن بدە، ترسنۆک بڕیاری مەرگ بدەو مێژووی خوت بکرەوە، ئەوە باوکی بوو کە لە قوڵاییەکانی رۆحیدا فەرمانی دەدا. "شا" کە بە ترسنۆک ناوی دەرکردبوو، ویستی ئەم نازناوە نەفرەتیە بۆ ئەبەد بسرێتەوەو رۆحی باوکی لە گۆڕەکەدا ئارام کات.

بڕیاری خۆی دا.

ئەو شەوەی کە بەیانی یاخییەکان هەڵدەواسران .

"شا" لەسەر مێزی نووسینەکەی خۆی لە ژووره گەورەکەی کۆشکدا دانیشتبوو .

شەو هێندەی تر درێژ تر دەبوو، لە دەرەوە دنیا تاریکییەکی قورس دایگرتبوو، شنەیەکی فێنک خۆی دەکرد بەو تاریکیەداو یاری بە یەکە یەکەی گەڵای درەختەکان دەکرد .

"شا" بێدەنگ دەستی برد بۆ دەمانچەی ناو مێزەکەیو سەیرێکی وێنەکەی باوکی کردو بۆ دواجار نەفرەتی لە شایەتی خۆی کرد ................

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

*له ژماره(٢٥) گۆڤاری (ئاینده)دا بڵاو بووەتەوە ٢٠٠٢/٥/١٤/ هەولێر.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com